# کەی
# هۆ هۆ
# دەگەڕێتەوە زەرداو؟



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# کەی
# هۆ هۆ
# دەگەڕێتەوە زەرداو؟

د. موکەڕەم تاڵەبانی



کتێب: کەی هۆ هۆ دەگەڕێتەوە زەرداو؟
نووسینی: د. موکەڕەم تاڵەبانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٤٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

بۆ...

شێخ جەمالی باوکم

شێخ عەتای تێکۆشەر

حەبیبی حاجی خەباتکەر

ئازادی حەبیبی جوانەمەرگ

ئەحەی خورشەی شەهید


مام سمایل ئەحمد بارام

علک سەمین گێژ

میم سوەیلی بەسەبر

ئەمە پێشکەش دەکەم

نووسەر



وێنەی زەرداو... لە پاش ڕووخاندنی لە ساڵی ١٩٨٨

## پێشەکی

ڕۆژێک لە «ستۆکهۆڵم»ی پایتەختی سوید، کۆنگرەیەکی پشتگیریی میللەتی ئازا و تێکۆشەر بەسترابوو و منیش بەشداریم تێدا کرد و وتارێکم تێدا دا. مامۆستایەکی کۆلیجی مێژوو، وتارەکەی پەسند کرد و لێی پرسیم: «تۆ کوێندەرییت؟» گوتم «کوردم و کوردستانیم» وتی: «کوردستان لە کوێیە؟ و من ئەم ناوەم لە نەقشەی وڵاتاندا نەبینیوە» گوتم: «ئەی توو کوێندەرییت؟» گوتی: «من ئەڵمانم و خەڵقی ئەڵمانیام». گوتم: «من ئەم ناوەم نەبیستووە، ئەڵمانیا لە کوێیە؟» بەسەرسووڕماوی گوتی: «ئایا کەس هەیە ناوی ئەڵمانیای نەبیستبێت؟!» گوتم جەنابتان مامۆستای مێژوون و لە وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپان. من نەموت خەڵقی دێی (زەرداو)م، چونکە من (گوتە) نیم دێیەکەمیش ناسرا بێت. من هەموو مێژووی ئەڵمانیا دەزانم و دەشزانم کە ئەڵمانیا لە ماوەی نیو قەڕندا دووجار وڵاتانی جیهانی پلکانە خوێنەوە و بووە هۆی لەناوچوونی دەیان ملیون ئینسان، هەر ئەمە نازانم، دەشزانم میللەتی ئەڵمانیا وەکو میللەتانی دی بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی تێدەکۆشێت و بەڵگە بۆ ئەمە هاتنی جەنابتان بۆ ئەم کۆنگرەیە، ئایا پێویست نییە بۆ مامۆستایەکی مێژوو بزانن لە جیهاندا میللەتێک هەیە ناوی کوردە و لە کوردستانی لەت لەتکراو و ژێردەست دەژێت و چەند قەڕنێکە لە پێناوی ئازادیدا ئازار دەچێژێت و بەهەزاران قوربانی داوە!».



من زۆربەی ژیانم لە دێی زەرداو، لە سنووری کوردستانی خوارووادا ڕابوارد، لە دایک و باوکێکی ناسراوی کورد لە شاری کەرکوک هاتمە دونیاوە و لە تەمەنی یەک ساڵییەوە هاتینە دێی زەرداو. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەم دێیە، وەکو نەمامێک پێکەوە گەورە بووین و وەکو دارستانێکی چڕ ڕەگمان لە خاکی ئەم دێیە داکوتا. بەڵام پێویستیی خوێندن وای کرد لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بچمەوە کەرکوک و نەک بەدڵ بەڵکو و بەلەش لەو ڕۆڵانەی زەرداو دوور بکەومەوە.

لەگەڵ کوڕ و کچانی زەرداویی، وەکو خوشک و برا ساڵانی ژیانی منداڵی بەرینە سەر. دەوڵەمەندی و هەژاریمان پێکەوە چەشت. هات و نەهاتیی نەیانتوانی لەم خاکە هەڵمانکەنێت وەکو «بەڵمە برنجەکەی شارەزوور» لە هەر کوێ و لە هەر جۆرە ژیاندا بین هەر دڵمان بۆ زەرداو لێ دەدات.

جارێک گۆڤاری «قارداشلق» کە یانەی تورکمان لە بەغدا دەری دێنن داوای لێ کردم شتێکیان بۆ بنووسم. منیش بۆ گۆڤارێکی تورکمانی لەوە باشترم نەدیت کە لەسەر ئەو شاعیرە کوردانەی کە بەرهەمیانی بەزوبانی تورکمانی بووە و لە ناویاندا شاعیری کەرکوک «هیجری دەدە» کە ناوی مەلا مەحموودە و لە هۆزی کاکەیی کوردە. ئەمە بووە هۆی تووڕەیی کوڕی هیجری دەدە، گۆیا من شاعیرێکی تورکمانم بەکورد داناوە و هیچ پێوەندییەکی بەکوردەوە نییە. لە وەڵامدا بۆم نووسی کە هیجری دەدە ناوی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مام نەزەر کوڕی مام قەیسەر کوڕی مام هەیاس کوڕی مام هوشیاری کاکەیییە. لەگەڵ لێبووردن ئەم بەیتەی هیجری دەدەیی باوکیم بۆ نارد کە بەزوبانی گۆرانی بۆ ماتەمی پیرەمێردی کورد گوتوویەتی:

بولبول چون گوڵشەنی بیەن ڕەوزە خوان
گوڵ وەرەق پڕێزان چە باد خێزان

هەر کەسی ماچۆ پیرەمێردم ڕۆ
ئوستاد تەبیب ئەهل دەردم ڕۆ

ئەگەر یەکێک ئەم ڕێزمانە زوبانی دایکی زادی نەبێت بەم زوبانە شیعر ناڵێت. جێی شوورەییە کە گەر مرۆڤ کورد بیت؟! منداڵ کە دێتە دونیاوە لێی ناپرسن ئایا دەتەوێت کورد بیت یان تورکمان. ئەوەی لە دایک و باوکێکی کورد بێت دەبێتە کورد و ئەگەر تورکمان بن دەبێتە تورکمان. کوا لە تورکمانیدا وشەی «مام» بەکار دێنن؟ لە تورکمانیدا کەی «مام هوشیار» هەیە؟ مەلا مەحموود (هیجری دەدە) وەکو من لە دایک و باوکێکی ئیلّی کاکەیی کورد هاتە دونیاوە، هەروەکو من فێری تورکمانی بووم ئەویش هاتە کەرکوک و فێری تورکی بوو و گوزەران و ژیانی بەو زمانە بوو و بەتورکی نووسی بەڵام لە پێش هاتنی بۆ کەرکوک هەر بەزوبانی کوردی گۆرانیی شیعری گوتووە.

منداڵەکانم لە دایک و باوکێکی کورد بوون، هەر لە بەغدا هاتنە دونیاوە و لەوێش گەورە بوون و زەرداویشیان نەدیبوو بەڵام هەر بەکورد مانەوە. ڕۆژێکی بەهار هەموو چووینە ئەو دەشتە دڵگیر و ڕەنگینەی زەرداو زۆریان پێ خۆش بوو، بەڵام لە زەرداوا کە ماڵی بەخشت و قوڕ دروستکراوەکەی باوکمیان دیت، «بابە ئێرە کوێی خۆشە وا هەر بەسەر زوبانتەوەیە؟!» ئەوانیش هەقیانە، لە زەرداو نەژیاون، لە شەوانی مانگەشەودا گوێیان لە «هۆ لەیلێ هۆ لەیلێ»ی کچانی زەرداویی وەکو «فیلهارمۆنیا»یان نەبیستبوو. ئەوە دواجار بوو زەرداوم دیت ئیتر وێران کرا و لە ڕووی زەمین نەما، بەڵام ئەو دیمەنە، ئەو ژیانە تاڵ و شیرینەی زەرداو لە دڵ و ویجدانمدا هەر ماوە و دەمێنێت.

د. موکەڕەم تاڵەبانی

## زەرداو

ڕەنگە ئەم ناوەتان هەر نەبیستبێت و زۆریش مەبەستان نەبێت بزانن چییە. بەڵام من مەبەستمە و ئێوەیش کە مێژووی بزانن مەبەستان بیت.

زەرداو... زرمە دێیەک بوو دەکەوتە ڕۆژئاوای خوارووی کوردستانی باشووردا. دەشتێکی فراوان، هەر لە سنووری «زەنگاباد»ەوە تاکو چەمی تلیشانی و، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا دوو زنجیرە چیا ئابلۆوقەی داوە. ئەوەندە بەم دەشت و هەردانەدا گەڕاوم بست بەبست شارەزای زەوی و جۆگەلە و ڕووبارەکانی هەموو دەزانم کەروێشک لە ژێر کام بنجگی خۆی مەلاست دەکات. زەوییەکانی: سەبڵاو جەژنی، خرابە، کوناری، خورنوکەوانی، بانە بۆر، زاخە و دەشت مراد. جۆگەلەکانی: ئاوە شۆر، گاوور جەوە، جۆگەی غەزال. ڕووبارەکانی: چەمی جانلغ، چەمی تلیشان، چەمی شۆر، بەیراغدار و چەمی سەیلاو جەژنی و چەمی زەرداو خوار.

زەرداو، دێیەکە، بریتی بوو لە سەد و دە ماڵ و مزگەوتێک و بیرێکی ئیرتوازی و گەرماوێکی گشتی و قوتابخانەیەکی شەش پۆلی.

ماڵی باوکم دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی دێوە. بریتی بوو لە چەند حەوشێک، حەوشی حەرەم، حەوشی دیواخان، حەوشی باغچە، حەوشی مەڕوماڵات، حەوشی ماین و هێستر. ماڵی ئێمە و جووتیاران هەموو لە خشت و قوڕ دروست کرابوون.

لە سەرەتای پاییزدا، هەر لە تاریک و ڕۆشنی بەیاندا لە هەموو لایەکەوە



دەنگی هۆ هۆی جووتیاران دەبیسترا و هەموو ئەو زەویوزارەی کە لە وەرزی ساڵی پێشوودا بە«وەرد» جووت کرابوون، دووبارە جووت و تۆو دەکرێنەوە و چاوەڕوانی یەکەم ڕەهێڵەی باران دەکەن کە دەشت و دەر زیندوو دەکاتەوە.

کە باران دەبارێت، ئەو خاکەی کە قرچەی هاوین ڕەشی هەڵگەڕاندبوو، بۆنێکی خۆشی تایبەتی لێوە دێت. زۆرجار لە ژێر ئەو ڕەهێڵەدا ڕاوەستاین بۆ ئەوەی بۆنی ئەو خاکە بکەین تەڕ دەبووین.

من کە چوومە قوتابخانەی کەرکوک، زەرداوم هەر لە وچانی بەهاران و هاویندا دەدیت. هەر وەخت بوو بۆ گەڕانەوە پەڕ و باڵ دەرکەم، ئەو ئاوە شۆرەی زەرداوم لە ئاوی «زەم زەم» لا خۆشتر بوو.

زەرداو... هەر ئەمە نەبوو، لە بەهاردا، تاکو چاوبڕ دەکات گولیلک و گوڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگ لە تۆوی کەروێشکەی بنجی گەنم و جۆدا، وەکو مافووری عەجەم جوانترین دیمەنی سروشت دروست دەکات. هەزاران مەلی کۆچەر؛ قاز و مراوی و چێرک و قولنک و کەرسەر هێرشیان دەبردە سەر ئەو دەغڵە سەوزانە و دەیانەویست ڕیشە بڕی بکەن و دەیانکردەوە خاکە سوورەکەی پاییز.

زەرداوییان بۆ پارێزی دەغڵودانیان، ئێواران ڕوویان دەکردە قیر و قاری ئەو مەلانە و بەتەنەکە لێدان و تفەنگ تەقاندن دەیانفڕاندن. هەندێکیشیان فاق و تۆڕیان بۆ دەناوە و ئەوەی دەبووە فاق و تۆڕەوە بۆ خۆراکی شام دەخزانە مەنجەڵەوە پەنا هەردەکەیشدا، ئێواران، خۆر لە زەردە، دوا بەدوای مێگەلی مەڕدا، مێگەلی ئاسکیش دەهاتنە خوارێ و بەدەم لەوەڕەوە خۆیان دەگەیاندە جۆگە ئاوەکە و مژیان پێوە دەنا.

هۆ هۆی جووتیاران، لە پێش بانگی بەیانیی مەلا دەبیسترا. ئەم هۆ هۆیە نیشانەی ئاوەدانی و ڕەنجدانە. لە کوردەواریدا کە ڕەخنە لە زمان

درێژیی یەکێک بگرن دەڵێن: «هەموو کەسێک لە هۆ هۆ کەوت، تو هەر لە هۆهۆ نەکەوتی!». جووتیار، ئەم هۆ هۆیە، کە «هەوجار» دەگاتە دوا خەتی جووتکردن، بانگ لە وڵاغەکانی دەکات بۆ ئەوەی بچەرخێنەوە لەگەڵ کزنگەی ڕۆژدا دەنگی ئاژەڵ تێکەڵی قیرە قیری شوان و بۆڕەی ڕەشەوڵاغ و قیڕەی گاوان دەبێت. هەموو بۆ لەوەڕاندن بەرەو هەردەکانی ڕۆژهەڵاتی دێ بەتەپوتۆزەوە دەکەونە ڕێ، هێشتا ئاژەڵ دوور نەکەوتوونە، ژنان بە «کوندە و گۆزەوە» بەرەو سەرچاوەی جۆگەلەکە تەکان دەدەن، وەکو گوێیان بۆ دەنگی مەولەوی شاعیر زرنگابێتەوە کە دەڵێت:

هورێزە سوبحەن، دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن

لەو سەرەوە بەکونە و گۆزەی پڕ لە ئاو دەگەڕێنە ماڵ و کار و کردەوەی ڕۆژانەیان دەکەن.

کچانی چارۆکە لە کۆڵ بە«لاویتە»وە بەرەو هەردەکە، بەحیلکە حیلکی پێکەنینەوە ڕچە ڕێ دەگرن و ئێوارە بەکۆڵە کتر و قارچک و دۆمەڵان و هەپلۆک و پیشۆک دەگەڕێنەوە و لەگەڵ گەڕانەوەدا لە هەموو ماڵێکەوە دووکەڵ هەڵدەسێت و بۆنی خۆشی نانی ساجی گەرم و بۆکزی و قرچە قرچی قارچک و دۆمەڵان سەر ئاگر پڕ دەکات و سوفرە بۆ جووتیارانی ماندوو ڕادەخرێت.

گاوان... لەو نانە گەرمانەی ماڵان، لە هەر ماڵێک نانێک مووچەیەتی. هەندێک هەنی نان ناکەن، نانی گاوان دەکڕن و خۆراکیان بریتی دەبێت لە نان و چای.

ژنانی بەتەمەن... بەدرێژایی ڕۆژ، خەریکی خوری و موو ڕێستن و لەو خوری و مووەوە، بەرەو جاجم و پۆپۆشمین و گوریس و ڕەشکە دروست دەکەن. وا دیارە «مەزهەری خالقی» یەکێک لەو ژنە شۆخوشەنگانەی



کوردەواری بینیوە و گۆرانی:
دونیا بەئینتیزاری (شیرین تەشی دەڕێسێت)ی
پێوە هەڵداوە.

پیاوانی بەتەمەن... کە بەهاری ژیانیان بەڕەنج بردە سەر و کەوتوونەتە پایزی ژیانەوە، هەرکە زرینگەی دەسک و هاوەن دەبیستن، بۆ دەمەتەقێ و قاوە خواردنەوە پۆل پۆل لەسەرخۆ بەرەو دیوەخان دەکەونە ڕێ.

### دیواخان...

گەورەترین ژووی دێیە. ژوورێکی پان و درێژ و لە سەروویەوە «کوانو»یەکی لە قوڕ دروستکراو، لەبەر دووکەڵی ساڵەهای زستان، دیوار و سوانووی هەموو وەک زاخی ڕەش ڕەشە. لە دوو لاوە لاکێشی کوردەواری ڕاخراوە و لە لێواری ئاگردان سێ «جەزوەی» قاوە هەڵمی لێوە هەڵدەسێت. قاوەچی، بەدەم قاوە کوتاندنەوە، جارجار بە«دەسک» لە لێواری «هاوەن» دەدات و وەکو «تامپۆ»ی مۆسیقا لادێییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

لە کوردەواریدا کوانو جارجار «وجاغ»یشی پێ دەڵێن، مانا و جێگایەکی تایبەتی هەیە. لە شەوانی زستاندا پیاوانی دەم سپی، لە ژووری دیواخان، لە نزیکی کوانووی گەرموگوڕ دادەنیشن. ئەوانی دی ئاوات دەخوازن، ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان بەدەلەت وەیان بەتەمەن بگەنە ئەو پایەیەی کە لە کوانو نزیک دەبنەوە و خۆیان گەرم دەکەنەوە.

دەڵێن، لە وڵاتی خۆشناوەتی، ئەو پیاوە دەم سپیانە بەقەڵنەی درێژەوە لە دەوری کوانو لە نزیکی ئاغاوە دادەنیشتن. پیاوێکی پیری ڕەش و ڕووت قەڵفەی درێژی نابێت، هەرکە دەیەوێ لە کوانوو نزیک بێتەوە و خۆی گەرم کاتەوە: «هەڕو قەڵنەت کورتە» و دەری دەکەن. کابرا سەری خۆی هەڵدەگرێت تا قەڵنەیەکی درێژ پەیدا دەکات و دەگەڕێتەوە دێ و دەچێت لە ژووری کوانوودا پا لە سەرپا دەنێت و قومێک لە قەڵنە درێژەکەی دەدات.» ئاوها داکتان... قەڵنەی من لە قەڵنەی هەمووتان درێژترە».



لە کوردەواریدا بەپیاوی پیسکە و ڕەزیل دەڵێن: «مامرە کڕ لە کوانوویدا دەنرێتەوە» واتا: ئاگر لە کوانوویدا هەڵناگیرسێت. یەکێک منداڵی نەبێت یان کوڕی خراپ ڕەوشت بەدی هەبێت دەڵێن: «ئوجاغی کوێرە» و ئەگەر باسی پایەبەرزیی یەکێک بکەن پێی دەڵێن: «ئوجاغ زادەیە و ئەگەر ڕقیان لە یەکێک هەڵسا دەڵێن: «دەک لە وجاغدا نەمێنیت». زۆرجاریش سوێند «بەم وجاغە» دەخۆن.

لە سالانی دەمی قرالیدا، لە شاری کفری پارێزەر و دەسبەسەر بووم. بۆ کاروباری پارێزەری، ئێوارەیەکی بەهار ڕێم کەوتە دەشتی تۆبخانە و بەناوی تیرەکانی «تەرخانی» و «شاتری» ئێلی جافدا تێپەڕیم. ئەمانە لەو دەشتە جوانەی بەهەشت دیمەنە، بەسەدان ڕەشماڵیان هەڵدابوون و ئاژەڵیان، مێگەل مێگەل، لەو دەشتە سەوزەدا بڵاو بووبوونەوە. لە هەموو ڕەشماڵێکەوە تەپ و دووکەڵ هەڵدەسا و بۆکزی شیر و نانی ساجی دەهات. لە ڕەشماڵێکی گەورەوە تەپ و دووکەڵێکی زۆر هەڵدەسا. حاجی هەسنی تەرخانی هاتە پیریمانەوە و جلەوی ماینەکەی گرت، «قوربان، زانیم جەنابتان لێرەوە دەگەڕێنەوە، خۆمان ناتفاق کردووە. بەمەرقەدی شێخە و ڕەحمانی تالەوانی بەسەر لاشەمدا تێدەپەڕێن هەر دەبێت گەورەمان بکەن و لادەن.» هیچ سوێندی نەدەویست، ئەوەندە ماندوو و برسی بووم بەبێ سوێن قایل دەبووم، پام لە ئاوزەنگی هێنایەوە و چووینە ڕەشماڵەوە.

**ڕەشماڵ**... ئێلانی کۆچەری کورد تێیدا دەژین ئەم ڕەشماڵە لە مووی بزن دروست دەکرێت. ئەم ڕەشماڵە بە «چیغ» بەشی میوانداری لە حەرم جیّا دەکاتەوە. لەو میوانخانەی حاجی هەسنی تەرخانی لە دەوری کوانوو دوو لاکێشی نەقشین جافیی ڕاخرابوون. لە کوانووەکەیدا ئاگری کۆترەداری گۆی سیروان گڕی سەندبوو، لە لێواریدا سینیەکی «حەوت جۆش» هەڵمی ئاو کولانی لێوە دەهات بۆ چای لێنان ئامادە کرابوو. لەودیوی چیغەوە، لەگەڵ تەپ و دووکەڵدا بۆنی «قاورمە» و ڕۆنی داغ و نانی ساجی دەهات. لە پاش ماوەیەکی کورتی حەسانەوە، سینی لە سوروتە گەنم دروستکراو هات و خواردنێکی کوردەواریی نایابی تێدابوو. لە پاش نانخواردن دۆعاخوازیمان کرد کەچی تەختە پەنیرێکی تازە دروستکراو لەسەر سەوزە گیاکە بۆ ئاوەچۆڕکردن دانرابوو، «وەکەلامی خوا ئەمەیش دەبەیت» و خستیانە ناوی ئوتۆمبیلەکە و ماڵئاوایی و کوانو گەرمیمان لێ کردن و گەڕاینەوە بۆ کفری.

لە سالآنی «الانفال»دا گەلێک لەو کوانوواتە کوێرکرانەوە و مەڕوماڵاتی شاتری و تەرخانی تالآن کران و پیاوانی پیاو وەکو حاجی هەسن و ژن و منداڵیان بەقۆڵ بەستراوی ڕەوانەی بیابانی «عرعر» کران و زیندەبەچاڵ کران.

فەتاحی کەریم بەگی سەرەک ئێلی جاف کە «مستشاری فەوج» بوو، بەهەزاران سوێندی بۆ خواردن: «ئا ئێستا لە لای سەرۆک کۆمار بووم، خوا وەدیاری سەربیەوە بێت، بەماڵ و منداڵتان بچنە سەر شەقامی



دەربەندیخان هیچتان بۆ نابێت. بەڵام بەماڵ و منداڵەوە خرانە ناو لۆری و ئیتر کەس بەچاو نەیانبیینی.

ڕەنگە بپرسن «الانفال» چییە؟ «الانفال» مانای دەسکەوتی تالآنییە. ئەو کردەوانەی بۆ تێشکاندانی کوردستان و قەلآچۆکردنی لە دانیشتوانی کورد و بەدیلگرتنی گەورە و بچووک و پیاو و ژن و تالآنکردنی ماڵ و موڵک و مەڕوماڵات بە«الانفال» ناوبران.

«الانفال» چییە... (الانفال) سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆز، لەو کاتەی کە موسڵمانان لەسەر دەسکەوتی تالآنیی کوتاڵی (القریش) تێکچوون، وەحی بۆ پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت، هاتە خوارەوە کە سەرکردەیی جەنگی «البدر»ی دەکرد، کە دەڵێت: «یسئلونك عن الانفال، قل الانفال لله والرسول واتقوا الله واصلحوا ذات بینكم وأطیعوا الله ورسوله ان كنتم مؤمنین» ئەم ئایەتە لەو کاتەدا هات کە موسڵمانان زانییان ئەبو سفیان بەکاروانێکی گەورەوە بەڕێوەیە. موسڵمانان دەرچوون و ڕێگایان لێ گرت بۆ تالآنکردنی و شەڕی «البدر» ڕوویدا و موسڵمانان تێدا سەرکەوتن. بەڵام ئەبو سفیان توانی قافلەکە ڕزگار بکات. موسڵمانان لە نێوانی خۆیاندا لەسەر کەمیی دەستکەوتەکان تێکچوون تاوەکو پێغەمبەر، سەلاوی خوای لێ بێت بەپێی ئەم ئایەتە ڕێکیانی خست.

ئەبو سفیان موسڵمان نەبوو و موسڵمانان یاغمەکردنی ماڵی بەمافی خۆیان دادەنا. بەڵام کورد موسڵمانن ماڵیان بۆ موسڵمانان قەدەغەیە، یاغمەکردنی ماڵیان و کوشتنی خۆیانیان وەکو ئەبو سفیانی دوژمنی ئیسلام دادەنا. دێهاتیانیان ڕووخاند و ماڵیان تالآن کرد و خۆیشیان لە بیابانی «عرعر» زیندەبەچاڵ کرد. ئا ئەمە بوو کردەوەی «الانفال»ی بەعس.

بەڵێ هەزاران کوانووی تەرخانی و شاتربیان کوێر کردەوە و تا ماوەیەک

تروسکەی ئاگریان لێ بڕین، بەڵام ئایا توانییان بلێسەی ئەو ئاگرەی دڵی ڕۆڵەکانی حاجی هەسن تەرخانی و هاوئێلەکانی بکوژێننەوە؟!

ئەم وڵاتەی کوردە چەند هرقل و چەند تەیمور و هولاکۆی پێدا هات و چوون دە هەزار یۆنانی تێدا سەرگەردان بوون. هۆلاکۆ کەوتە کۆڕی زەردەوالەی «سوڵتان سهاک» و نەیدەزانی چۆن خۆی ڕزگار بکات. ساسانی و سەفەوی و قاجاری و عوسمانلی و فەیسەڵ و عەبدولئیلا و عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام و ئەوانی دی بۆ فەوتاندنی کورد خۆیان تاقی کردەوە. کوان؟ لە کوێ مان؟ کێ مایەوە؟ وەکو دەڵێن: «ئەوەی با بچنێ گەردەلوول درەو دەکا»



**دیواخان**... هەموو جۆرە پیاوێک ڕووی تێ دەکرد و هەموو جۆرە باسێکی تێدا دەکرا. باوکم پیاوێکی شارستانی و لە شاری کەرکوک لە تەکیەی تاڵەبانی پەروەردە بووبوو. گەلێک قسە و باسی بەکەڵکی هەبوو کە بۆ جووتیارانی بکات. ئەوانیش بەتۆژەوە گوێیانیان بۆ شل دەکردو زۆر شتی بەکەڵکیان وەر دەگرت. لە دێدا مەلایش هەبوو، ئەم مەلایانە، لە پەروەردە و بیروباوەڕدا چەشن چەشن بوون.

هەندێکیان تەنها شارەزاییان لە پێڕەویی ئاینی ئیسلامدا هەبوو و تەنها بەرنوێژی و تەلقینی مردوویان دەخوێند. هەندێکیانیش، لە ساڵانی فەقێییدا ئەوەندە شار بەشاریان کردبوو لەو مامۆستا دانایانەدا زۆر شت فێر بووبوون. لە مەلا عەلی کۆڵەواری نیوە خوێندەوار تاکو مەلا محیەدینی بلیمەتی سولەیمانی و مەلا حەمە سەعیدی زەندی زانا.

زۆربەی ئەوانە کە دێنە دیواخان، ئەو پیاوە بەتەمەنانەن کە لە پایزی ژیانیان دان و توانای جووت و دەرە و ڕەنجدانیان نەماوە. جگە لەمانە، ئەو جووتیارانەی کە خۆیان کار ناکەن و جووتیار و سەپان دەگرن، کاتی زۆریان لە دیوەخان و مزگەوت ڕادەبوارد. لە پیاوانی دیواخاندا گەلێک پیاوی زیرەک و شارەزا و پیاوانی ئازا و پیاوانی گۆرانیبێژی دەنگخۆش و پزیشکی لەخۆوە فێربوو هەبوون، لەمانە:

**برایمی ئەحمەد میکائیل**، پیاوێکی ئێسک سووک و ڕوو گەش.
مەوسوعەییێکی قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی کوردەواری بوو. بۆ هەر باسێک پەندێکی پێشینانی هەبوو. بەدرێژی بن و بنچینەی ئەو پەندانەی دەزانی و دەیگێڕایەوە. ئەو پەندانەی خاڵۆ برایم، قوتابخانەیەکی پەروەردەکردنی جوان و پیری دانیشتوانی زەرداو بوو.

ئەم خاڵۆ برایمە، لە کاروباری ئاوداریدا وەستایەکی زۆر شارەزا بوو. هەر کەسێک پێویستی بەدروستکردنی «ئاش» ببوایێ و بۆ ئاو هەڵگرتن، داوای بیر و زانایی برایم میکائیلی دەکرد.

لە ساڵانی هەفتاکاندا کە وەزیری ئاودێری بووم، کۆمپانیایەکی ئەوروپایی پرۆژەی ئاودانی ناوچەی «الخالص»ی دروست دەکرد، ئاودانی زەویوزاری (شێخ محاربی عەزاوی)یان لێ یاخی بووبوو و بەهیچ کلۆجێک ئاوی بۆ نەدەچوو. شێخ محارب هاتە لام و گوتی: «ئەگەر بڕیاری تووی لەسەر بێت، من برایم میکائیل دێنم و ئەو دەزانێت چۆن ئاوی بۆ سەردەخات.» بڕیام دا و لەگەڵ سەرسووڕماوی ئەندازیارانی کۆمپانیا ئەوروپاییەکە ئاوی بۆ سەرخست.

## سمایلی ئەحمەد بارام

پیاوێکی بەتەمەنی ئێسک سووکی قسەخۆش و نوکتەباز. هەرچەنێک تەمەنی لە هەشتا ساڵ پتر بوو، بەڵام لە دەمەتەقێ و نوکتەبازیدا لە لاوێکی بیست ساڵە دەچوو.

لەو سەردەمەدا لە ناوی کچە هەرزەکارانی زەرداودا، گۆرانی و سەمایەکی تایبەت، وەکو «ڕۆڵ ئەند ڕۆڵ»ی ئەمریکی، بەناوی «حەلگۆ حەلگۆ» بڵاو بووبووەوە. کچان لە ڕێی سەراو بەخۆیان و گۆزەیانەوە خنج خنج خۆیان دەلەرانەوە و گۆرانی «حەلگۆ حەلگۆ»یان بەلاوە ئازا و



شۆخوشەنگەکانی زەرداودا دەوت. هەرچەنێک ئەمە مافێکی ڕەوایان بوو، بەڵام پیاوانی دێ داوایان لە شێخ جەماڵی باوکم کرد کە هەڕەشەیان لێ دا بەڵکوو لە ترسی ئەو واز لەو ڕەوشتە بێنن.

مام سمایل هاتە وەڵام: «کوڕینە... ژیانی هەرزەکاری درێژی چەنێکە؟ هەموو چەند ساڵێکە، لە پاشان کچان شوو دەکەن و دەکەونە ژێر باری قورسی ماڵ و منداڵ و ڕەنج و پشتیان لەژێر قورساییدا دەچەمێتەوەو بەسەد حەلگۆ نالەرێتەوە. بەخوا دوێنێ نیوەڕۆ کە چووم بۆ مزگەوت، لە ڕێگا سەیری دەوروپشتی خۆمم کرد کەس دیار نەبوو، هەر لە ماڵەوە حەلگۆم گوت و خۆم لەرانەوە تاوەکو مزگەوت».

## حەبیبی حاجی

یەکێک بوو لە جووتیارە دەست ڕۆیشتووەکان نە لە سوار چالاکی و نە لە تفەنگبازی و نەیش لە ڕەنجی مەڕداری و کشتوکاڵ و ئاودێری درێغی نەبوو، یەکەم کەس بوو لە زەرداو هاتە پیری تێکۆشانی نەژادی پارتی هیواوە و بەجەخت بۆ بڵاوکردنەوە بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری تێدەکۆشا. ئەم پێوەندییەی لەگەڵ پارتی هیوا بووە هۆی ئەوەی پێوەندی لەگەڵ گەلێک لە ئەندامانی هیوا لە کفری و خانەقین پەیدا بکات و هاوڕێیەکی موخلیسی شێخ عەتا تاڵەبانی بوو. حەبیبی حاجی هەر لە چوارچێوەی بیروباوەڕی هیوادا نەمایەوە، لە ڕێگای شێخ عەتای نەمرەوە بیروباوەڕی مارکسیشی وەرگرت و بووە ئەندامێکی تێکۆشەری پارتی کۆمیونیستی عێراق. لەم ڕێگایەدا گەلێک بەرهەمی سیاسی هەبوو و تووشی گەلێکیش ئەشکەنجە بوو. لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ١٩٥٨، بەڕێکەرت لە بەغداد بوو، بەچاوی خۆی هێزی جەماوەری کۆڵنەدەری دیبوو. ئەمە وا چوختیی کردبوو کە لە ڕێی میللەتدا بەرامبەر هیچ مەترسییەک چاو نەپڕۆکێنی.

لە ساڵی ١٩٦٣، شۆڕشی دژ شۆڕشی بینی و لەگەڵ گەلێک لە تێکۆشەرانی ئەو ناوچە بەحەفت ساڵی بەندییەوە ڕەوانەی بەندیخانەی بیابانی (نقرە السلمان) کرا. حەبیبی حاجی دەمێک بوو لە تەمەنی هەرزەکاری دوورکەوتبووەوە و بووبووە مام حەبیب و سێ کوڕی تێکۆشەری کردبووە دیاریی بۆ میللەت و چوونە پاڵی شێخ عەتای تێکۆشەر و چیاکانی کوردستانیان کردە قەڵای سەخت دژی هێزە چەکدارەکانی نەژادپەرستی حکوومەت.

حەبیبی حاجی لە پاش دەرچوونی لە بەندیخانە، هەر لەسەر بیروباوەڕی نیشتمانیی خۆی مایەوە و لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ میلۆنەهای پیر و جوانی کورد بەرەو سنووری کوردستانی ئێران بووەوە، بەڵام مەرگ ماوەی نەدا و دواهەناسەی لەناو سەدان تێکۆشەردا دا و بەدڵنیاییـیـەوە چاوی ژیانی نووقاند و لە دڵ و ویجدانی میللەتدا بەزیندوویەتی مایەوە.

## خورشەی حەمە سەوزە

هەندێک هەن لە سەرەتای ژیانیانەوە خواپەرستی دەکەن و لە پاشا پشتی تێ دەکەن. بەڵام خورشەی حەمە سەوزە تا دواهەناسەی پشتی لە خاکپەرستی نەکرد، لوێچە خۆڵێکی زەرداو لە لای لە هەموو شتی دی بەرێزتر بوو. سوێندی گەورەی: «بەهەق ئەم خاکە» بوو. بۆ بانە زەوییەکی وشک لە لێواری چەمی «بەیراغدار» بەشتێکی وای بەستبوو مەگەر فەرهاد بۆ شیرینی خۆشەویستی دروست بکات. زەویوزاری ئەم دێیەی بست بەبست دەناسی و دەیزانی چۆن و لە کوێوە ئاو دەدەرێن. بەدرێژایی زستان و بەهار چاوی دەبڕییە ئاسمان بۆ ڕەهێڵە بارانێک و بەچلەی سەرمای زستان شەختەی دەشکاند بۆ ئەوەی نۆرە ئاوەکەی بەفیڕۆ نەڕوات و سوودی تەواوی لێ وەرگرێت، خورشە، ڕۆژژمێری کشتوکاڵی گەرمیانی



کوردستان بوو. «ئیمڕۆ دە ڕۆژی ماوە بۆ تار».کە ساڵی وشکە ساڵی دەبوو و مەترسیی دەکەوتە سەر دەغڵودان: «ئیمڕۆ جووتیار دوعاخوازیی لە ئاغا دەکات» هیوای بەمەرزی ئەو ساڵە نامێنێت و بەشوێنی گوزەراندا ڕوو و دەکاتە ئاویکاڵ. لەگەڵ زەردبوونەوەی گەڵای گەنم، خورشەیش ڕەنگی زەرد دەبوو و کە بارانێک دەباری، دووبارە دەگەشایەوە «ئیمڕۆ ئاغا و قەرەیە»، واتا؛ جووتیار هیوا پەیدا دەکاتەوە و دەکەوێتە پاڕانەوە بۆ گەڕاندنەوەی بۆ بەسەرکار. «ئیمڕۆ شوان کە ئێوارە داردەسی بۆ مەڕ فڕێ دەدات، بەیانی نایدۆزێتەوە.» چونکە گیا هەوزەڵ دەکات و دارەکەی دادەپۆشێت.

لە سەرەتای وەرزی پایزدا، وەکو هوێجیکەری کچ، پۆل پۆل دەهاتن بۆ ئەوەی خورشە جووتیاریان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تا دوارۆژی ژیانی لە هەژاری ڕزگاری نەبوو.

## خاڵۆ وەلی

ئەو پیاوە پیرەی کە تاکو مرد «بێڵ» لە دەستی نەکەوت و لە بەردی ڕەق بەرهەمێکی زۆر و نایابی سەوزەی دەردەهێنا. هەرچەنێک ڕیشی سپی و پشتی لە ژێر باری قورسی ڕەنجدا کۆم بووبوو، بەڵام سەرکردەی دالیەوانی بۆ هیچ لاوێک بەجێ نەدەهێشت و لە ڕواندنی هەمەچەشنە سەوزەدا ئەوەندە دەست ڕەنگین بوو، دەگوت ئەندازیاری کشتوکاڵ ئەندازەی کێشاوە. بیر و مێشکی وەکو کۆمپیوتەر، کاتی چاندنی سەوزە و کات و چۆنی ئاودانی و بژارە و چنین ڕێکخرابوو. ئەوەندە دڵی بەدیمەنی «دالیە» خۆش بوو، زۆربەی ژیانی لە چەرداغ و سەکۆی دالیەدا ڕابوارد.

## خدر سمایل

ئەو پیاوە هێمن و ژیرە. لەو کاتەدا پزیشک و دەرمان، نەک لە دێیەکان، بەڵکوو لە شارەکانیشدا کەم بوون. خدر سمایل پزیشکی ئەو ناوچە بوو. زۆرجار جووتیار و وەزێران لە کاتی جووت و درەودا تووشی ڕووداوی زۆر سامناک دەبوون، دەسیان بە «داس»ی تیژ شەق دەبوو یان پایان دەکەوتە بەر نووکی «کاسن» کە کەم لە پزیشکان بۆیان تیمار دەکرا، خدر بەدار و دەرمانی خۆناسی تیماری دەکرد و زوو بەزوو چا دەبووەوە.

## تۆفەی نەریمان

لاوێکی بەئازایی لە گوللە نەترس ناوی دەرهێنابوو ئەوەندە ئازابوو بەملهوڕ ناسرابوو. لە کاتی دوژمنایی عەشایەریدا، بۆ پاراستنی زەرداو شەوقۆڵی هەبوو و بەنۆبە چەکداران پارێزگاری دێیان دەکرد.

شەوێک تۆفەی نەریمان لە گەڕانەوەی بۆ دێ، تووشی «قوڵ» بوو، «کوڕە زەلام کێی؟» کە بەبێ دەنگی زانییان، دایانە بەر دەسرێژ و گوللەبارانیان کرد، بەڵام ئەم لاوە ئازا و ملهوڕە چاوی نەپروکان تا هاتە ناویان، کوڕە هەی ملهوڕ بۆ ناڵێیت منم؟».

«جارێک گوتم منم، گوێتان لێ نەبوو، ئیتر ڕووم نەهات دووبارەی کەمەوە، نەوەک بڵێن لە گوللە دەترسێت.»

## فارس بەقاڵ

پیاوێکی بەتەمەنی ڕیش سپی ئێسک سووک، نەک تەنها شاعیر، بەڵکوو شارەزای پەندی پێشینان و بۆ ژیانی نوێ ڕێکی دەخست. ئەو پەندانەی باپیرانی بەشیعرێکی خۆش، وەکو ملوێنکی عاقیق دەهۆنییەوە و تەمێی



پیر و جوانی پێ دەکرد. بەو شیعرە جوانانەی، گیانێکی هەڵبەست و گۆرانی لە نێوان لاواندا جێگیر دەکرد. زۆرجار لاوان ملهوڕییان دەکرد بۆ ئەوەی گوێی لە تەمێکانی خالۆ فارس بێت و جار جاریش بۆ تووڕەکردنی، بەرامبەری ئەو تەمێ و پەندانە، بەیتی ناپەسندییان پێیدا هەڵدەدا، بەڵام ئەو پیاوە بەهۆشە تووڕە نەدەبوو و هەر لەسەر پەند و تەمێی خۆی دەمایەوە.

## حەمەی ئینجە

ئەو پیاوە سیما جوان و دەنگخۆش و مەقامزانە. لەبەرئەوەی لە ئێڵی زەنگەنە بوو، شیعر و نایابەکانی مەولەوی زۆر چاک تێدەگەیی. بەمەقامی «قەتار و ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و نیوەشەوی» هۆنراوە جوانەکانی مەولەوی زیندوو دەکردەوە و گیانێکی نوێی دەخستە بەری.

ئیمشەو وا دیارە بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتور کەللەم وەگەرمەن
صدای زیل و بەم مەینەت صەد تەرزەن
خەفەت شادیشەنی غەم دەماغ بەرزەن

ئەم شیعرانەی مەولەوی لە دەشتودەری زەرداو دەزرنگایەوە ئەم حەمەی ئینجەیە، نەک تەنها گۆرانیبێژێکی ئاوازخۆش، بەڵکوو وەستای مەقامی گۆرانییەکانی ناوچەی زەنگەنە بوو کە کانی مەقامانی قەتار و ئەڵڵاوەیسییە، و زۆربەی دانیشتوانی زەرداو لە ئێڵی زەنگەنەن، لەبەرئەوە مەقامی قەتار و ئەڵڵاوەیسی و شیعرەکانی مەولەوی ویجدانیانی زاخاو دەدا.

ناوچەی زەنگنە لە ژووررووی کفری لە دێی (عەلەیان)نەوە بەهەردوو لێواری ڕووباری ئاوە سپیدا تاکو دامێنی چیای قەرەداغ دەگرێتەوە. ئەم

ناوچەیە لە دەوری «میر سمایل» میری زەنگەنە، میرنشینێکی فراوانی سەربەخۆ، نە بۆ شای عەجەم و نەیش بۆ سولتانی عوسمانلی سەری نەنواندووە و شارۆچەکەکانی قەرەداغ و کفری و دوز لەژێر حکومڕانی میر سمایل بووە. بەڵام لەپاش کۆچی دوایی میر سمایل و ناکۆکی لە نێوان برا و کوڕەکانیدا، ئەم میرنشینە لاواز دەبێ و بەهانی عوسمانلییەکان میرانی بەبە ئەم میرنشینەیان تێک داوە و خستوویانە سەرمیرنشینی خۆیان. بەڵام عوسمانلی کە لەشکری نیزامی دامەزرانو بەهێز بوو، میرنشینی بەبەیشیان لەناوبرد.

ئەم مەقامانە، لە کۆشک و دیواخانانی میر سمایل و میرزاکانی بایەخی پەیدا کردبوو و زاخاو دەدەرایەوە. لەگەڵ سۆزی نەی و شمشاڵ و تەمورەدا، بوێژەکان لە کۆشک و دیواخاناندا شەو بەزمیان گێڕاوە.

شێخانی تاڵەبانی، کە خۆیان بەتیرەیەکی ئێڵی زەنگەنە دەزانن و باپیرە گەورەیان زاوا و خزمی میر سمایل بوو، لەو وڵاتەدا پایەیێکی تایبەتییان هەیە و لە سەردەمی کێشە و بەرەی عەشایەرییدا، پشتی یەکدییان بەرنەداوە.

عەلی مەردانی گۆرانیبێژی ناسراو لە ناوچەی (لەیلان) چاوی کردووەتەوە، لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر باسی مەلا رەوفە کوێر دەکات کە لە سەرەتای ژیانی هونەرییدا مەقامی لەوەوە وەرگرتووە. مەلا ڕەئووف لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک فێری مەقام بوو. بەڵام عەلی مەردان نەک تەنها لەو مەقامانەدا، بەڵکوو مەقامانی ڕەسەنیی کوردی قەتار وئەڵڵاوەیسیشدا شارەزایی تەواوی هەبوو. مەلا ڕەئووف شارەزایی ئەم مەقامانە نەبوو. عەلی مەردان لە دێی لەیلانی تاڵەبانی نزیکی شاری کەرکوک ژیاوە و لە سەرەتای هونەرییدا لە چەند بەستەیێکی کوردی و تورکمانی بەولاوە مەقامبێژ نەبوو. یەکەم گۆرانی تۆمارکراوی، بەتورکمانی



بەکچە تورکمانێکی لەیلانییەوە بوو (لەیلانی قزی) لەو ناوچەیە «خلەی بارام چاووش» لەگەڵ سازی تەمووره لە دیوخاناندا مەقامی قەتار و ئەڵڵاوەیسی دەگوت، بەڵام مامۆستای عەلی مەردان نەبوو. عەلی مەردان بۆ تۆمارکردنی گۆرانی لە هاتوچۆی بەغداددا، لە لای شێخ جەمالی باوکم لە دێی زەرداو بەمانگەها دەمایەوە. لەسەر داوای باوکم حەمەی ئینجە فێری ئەو مەقامانەی دەکرد و ئەو مامۆستای عەلی مەردان بوو.

من تاکو ئێستا دەنگخۆشێکی وەکو حەمەی ئینجەم نەدیوە. کە گۆرانی دەگوت هەموو زەرداو سروەی لێوە نەدەهات، کە گۆرانی:

نازک تەدارەک فصل وەهارەن
شنەی بای لەیلا هەردە و کۆسارەن
گوڵ چون ڕوی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

حەمەی ئینجە، لە پاش مردنی تاقە کوڕەکەی (فوئاد) کە ئەرکی ژیانی باوک و دایکی خستبووە ئەستۆی خۆی، لە ژێر باری جووت و درەوپشتی کۆم و ڕەنگی هەڵقرچاو دەنگی کەرخ بوو، ئیتر ئەو دەنگە خۆشە و ئاوازە دڵگیرەی لە ناوی ئاهی ڕۆڵە ڕۆدا ونبوو و هەموو بۆی گریاین.

## ئەحەی خورشە

لاوێکی ئەسمەری باڵا بەرز و بولبولی خۆشی ئاوازی زەرداو. هەر لە منداڵییەوە لە شەوانی مانگەشەودا، کچانی تازە هەڵچووی زەرداو، حەڵقەیان دەبەست، لەگەڵ شنەبای شەماڵدا، وەکو ئاوازێکی جوانی «فیلهارمونیا»، هەموو بەدەنگێکی نەرم: «هۆ لەیلێ هۆ لەیلێ» دەنگی ئەحەی خورشە «نازدارەی باوەیلێ» تێکەڵی ئەو ئاوازە نەرمانە دەبوو. فێنکیی بای شەماڵ و ئەو ئاوازە نەرمانە وەکو «لای لایە» کە بۆ نووستنی

منداڵ دەگوترێت، ئەوەی خەویشی زڕا بی، نەرم نەرم چاوانی خەوی تێ دەچوو.

لە کاتی خەرمانانددا، ئەحە لەسەر «جەنجەڕ»دا چیریکەی گۆرانی ڕێبواری دەخستە شەوارە. ئەو سووڕ خواردنەوەی جەنجەڕ بەدەوری خەرماندا سەپان بێزار دەکات، ئەحە دەیگۆڕییە بەزمی هەرزەکاران و بەئاوازی خۆش شەویان دەبردە سەر.

لە ڕۆژانی شۆڕشی کوردستاندا، شێخ عەتا دێی زەرداوی بەجێهێشتبوو و لەگەڵ هاوڕێیانی بەرگری لە وڵات دەکرد، ڕۆژێک لیواکەی (حماد شهاب) ئابلۆوقەی زەرداوی دا و ئاگری نایە ماڵی شێخ عەتاوە، ئا لەو کاتەدا ئەحەی خورشە بەگۆرانیی وتن لە چەمی زرداو سەری هێنایە دەرێ و ئەمەی دی واقی وڕما. لەگەڵ فەرمانی ئەفسەران «ارمی» دەسڕێژێکی لێ کرا و سووڕێکی خوارد و کەوت و دواهەناسەی لەگەڵ ئەو ئاوازە خۆشەیدا دەرچوو و هاوڕێیانی هەر «هۆ لەیلێ هۆ لەیلێ»یان دەگوت، بەڵام کەس نەبوو «نازدارەی باوەیلی» بڵێت.

## سالەی باوەخان

مێژووبێژی نەنووسراوی ئەم ناوچەیە بوو، سالە نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەوەندە تامەزرۆی زانستی بوو لە مەلایەک پتر وتەکانی پێغەمبەر، سەڵاوی خوای لێ بێ و، مێژووی ئیسلام و ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیەی دەزانی. باسی ژیانی ساڵانی شەڕی یەکەمیی جیهان و زەبر و زۆریی دەوڵەتی عوسمانلی و برسێتی و گرانی و هەژاری و نەخۆشی ساڵانی «سەفەربەر» وەکو تەزبیحی دەروێشان دەهۆنییەوە. لە ڕێگای زەرداو و کفریدا: «ئا لێرە حەمە پاشای جاف کوژرا، بۆیە پێی دەڵێن پاشا کوژراو.»، «ئا لێرەوە هێرشیان کردە سەر برایم خان کە کفری لە



ئینگلیزەکان ئازاد کرد، بەڵام هێرشبەران لەبەردەم خۆڕاگرتنی پارێزکەران شکان.

سالەی باوەخان جووتیاری و سەپانی و خزمەتگوزاریی قوتابخانەی کرد، بەڵام هەر بەهەژاری سەری دوایی نایەوە.

### ئەمینی برایم جازیە، عەزیز برایم سرنجی، برایمی ئەحەی هووک، برایمی کوێخا سمین، ئەحەی حەمە عارب، حەمە زەکی و حەمە گوڵە... هتد

ئەم شۆڕەسوارانەی کە وەکو شاهو لە هەموو هەرایەکدا پێشەنگا و لە هەموو شاییەکدا وەکو «پلیسریک» لە ڕمبازیدا سواریان دەڕفاند. لە چەژن و شاییدا، خۆیان بەجوانترین جلوبەرگ و ڕەزنی فیشک دەڕازانەوە، وەکو فەرمانی فەرمانی کەڵهوڕ بەگوللە ناڵی ماینیان دەپێکا.

ئەی ئەو لاوە شۆخوشەنگەی سیلاح شۆڕانەی، کە ماڵ و سامان و سنووری زەرداویان، لە دز، لە گورگ، لە پیاو خراپ و لە زەبروزۆریی مەئموورانی بەرتیلخۆر دەپاراست و شەونخوونییان دەکرد.

سەر لە ئێوارەیەکی هاوینی گەرم، یەکێک بەهەڵەداوان هات و گوتی: «داود شاوات لەگەڵ شوانێکی «تلیشانی» لەسەر لەوەڕ بەیەکدا هاتن و داود کوژرا نزیکەی دە پانزە سواری چەکدار وەکو زەردەواڵە دار بماڵێتە شاریدا، یەک لە دوای یەک هەڵمەتی دێی تلیشانیان دا.

ئێمە لەگەڵ تلیشانی دا هاوسنوور و لەگەڵ سەید عومەر ئاغادا دۆست بووین. باوکم هەڵپەڕییە سەر ماینەکەی و بەدوای ئەواندا، وەکو گوللە لە لوولەی تفەنگ دەرچێت، لە دێ دەرچوو و بەردەمیانی گرتەوە و و بەهێمن کرنەوەیان بەپێکڕایی بەبێ شەڕ و کوشتار گەڕانەوە و هەر لە دوای ئەوان، داود شاوانیش گەڕایەوە و نەختێک خوێن بەتەویلیدا هاتبووە خوارێ و هیچیتر.

## میم سوەیل

لە کوردەواریدا، ئەوەی بەمندالّی باوکی بمرێت بەناوی داکییەوە ناو دەبرێت. حەمید سوەیل لە تەمەنی شەش مانگیدا باوکی مردبوو و لە سوەیلی دایکی بەولاوە کەسی نەبوو گوزەرانی بەرێتە رێوە. حەمید بەزگماکی شەل و چاوێکی کوێر بوو و ئەم شەل و کوێرە تەنها هیوای سوەیلی دایکی بوو. ئەمیش لە گەورەیشیدا شوانی و گاوانی بەولاوە کاری دیکەی پێ نەدەکرا.

زۆربەی ژنانی کورد کە بەگەنجی مێردیان دەمرن، هەموو ژیانی خۆیان دەبەستنە ئەو مندالّەی کە هێشتا لە زگیان دایە و یا هێشتا ساوان و خۆیان لە هەموو خۆشییەکی ژیان بێبەش دەکەن.

سوەیل یەکێک بوو لەو ژنانە و خۆی لە ژیانی فامیلیایی بێ بەش کرد و بەخوری رێستن و «هۆشۆ» حەمیدی ساوای کوڕی بەخێو کرد. ئەم ژنە گەنجە جێی رێزی زەرداوییان بوو و، هەتا حەمیدی کوڕی بووە گاوانی دێ و خۆی چووە تەمەنەوە کە بە «میم سوەیل» ناو بنرێت بۆ گوزەرانی ژیان هەر رەنجی دا.

میم سوەیل پیرەژنێکی جوان و ئێسک سووک و دەنگ بەسۆز بوو، لە ماتەمینی ژن و پیاو و گەورە و بچووکی زەرداوی بەو دەنگە بەسۆزەی دەیلاوانەوە و لەگەلّ ڕشتنی فرمێسکی چاوانی، هەموو دەرد و کەساسیی ژیانی و ژیانی گەنجیی تالّی دەردەخست. کە بۆ بەدبەختیی خۆی دەیلاوانەوە، هەموو زەرداو وەکو خۆلّی مردووی بەسەردا کرا بێت سەوەی لێوە نەدەهات و گوێیان لەو گریان و سۆزەی میم سوەیل دەگرت. ژنانی زەرداو کە هاودەردی میم سوەیل بوون بەگەنجی مێردیان مردبوو، لەگەلّ ئەودا بەبێ دەنگی و سۆزی ناو دلّ دەگریان و فرمێسکیان دەڕشت و کەس لە زەرداو نەدەما بۆ لاوانەوەی بەسۆز و بەدبەختیی میم سوەیل نەگرییێت.



## زەرداو...

ناوچەیەکی دێمەکالّ و کشتوکالّی و خۆشبەختی و بەدبەختیی جووتیاران و خاوەن دێ بەستراوەتە بارانەوە. جاری وا دەبێت سالّ لە دوای سالّ بێ بارانی و وشکە سالّ دەبێت و ئیتر هەژار و دەولّەمەند دەکەونە سەر ساجی عەلی، ئەم نەهات و وشکە سالاّنە بیروباوەڕی سەیر سەیری لە نێوان دانیشتوانی ئەم هەرێمە دروست کردووە و وا دەزانن بەهەندێ کردەوە باران دەبارێت. مەلا و دەستەی نوێژکەران دەچنە «نوێژە بارانێ» لاوان «کۆسە بارانی» و ژنانیش «شەڕە گاگەل».

ڕۆژی شەڕە گاگەل ژنانی زەرداو پشت دەبەستن و هەریەکە کاسەیەکی «مس» وەکو کلاّوی ئاسنینی جەنگاوەرانی سەرباز لەسەر دەنێ و بە «تێلاّو» وە هەلّمەتی گاگەلی دێی تلیشانی هاوسنوور دەدەن و بەتالاّنی بەرەو زەرداو دەیڕوێنن. گاوان هاوار دەباتە ژنانی تلیشانی و ئەوانیش بەکلاّوی مسین و بەتێلاّوە، بۆ گەڕاندنەوەی تالاّنیان، هەلّمەتی ژنانی زەرداو دەدەن. لە چەمی نێوان هەردوو دێ دەبێتە شەڕە تێلاّو یەکدی دادەگرن و تالاّنییەکانیان وەردەگرنەوە. ئیتر ژنان دەبوورێنەوە و هەندێک سەری دەشکێت و خوێن بەبالاّیاندا دێتە خوارەوە. پیاوانی هەردوو لا تەنها بۆ تەماشاکردن و هاندانی ژنانیان دەچن.

زۆر جار ئەم ژنانە، پۆلیسی ڕێژی توتوتن، کە توتنی قاچاغچیانی زەرداویان دەگرت، تێلاّ ترێنیان دەکرد و توتنەکەیان لێ دەسەندنەوە.

پۆلیس ژنان ناناسن و پیاوان دەستیان لە ژنان بەرز نەدەکردەوە. پۆلیس پیاوان دەناسن بەڵام ژنان دەسنیشان ناکرێن و لە سەریان دەڕوات.



**کچانی نەشمیلانە...**

کچانی نەشمیلانەی زەرداو کە بۆ هەموو هەرەوەز و دەسهوایەک، بۆ یارمەتی هاوسێیان دا دەواڵن، بۆ ساوەر کوتان و دۆینە نانەوە هەموو کاتێک ئامادەن.

ساوەر کوتان بۆ ئەم کچە نەشمیلانە وەکو سەیرانە جووت جووت لەسەر «دنگ»ێک هەریەکە بەمیکوتێکی بەرامبەری یەکدی دەوەستن، لەگەڵ زرمەی مێکوتدا گۆرانی بەلاوە شۆخەکانی زەرداو دەڵێن.

فەمیانە چەرموو... آە آە

سەڵتە با بردوو... آە آە

لەو دارە ڕەقانەی «دەنگ و مێکوت» و ئاوازە نەرمەکانیان «تەمپوی» موسیقا دروست دەکەن و لەگەڵیدا هەموو لەشیان دەلەرێننەوە و، جار جاریش پەلار لە یەکدی دەگرن، کە دڵیان بەلاوێکی زەرداوییەوە هەیە.

لە ساڵانی چلەکاندا، ناکۆکییەکی زۆر گرنگ کەوتە نێوان شێخ وەهابی تاڵەبانی و کەریم بەگ و داود بەگی جاف... هیچ هۆیەک بۆ ئەم دوژمنایەتییە نەبوو و تاڵەبانی و جاف پشتاوپشت دروست بوون. چەند جار لەشکریان لە یەکتر کرد و کوشتاریشیان لە نێوانیاندا ڕووی دا. زەرداو، کە هیچ هۆ و سوودی لەم دوژمنایییە نەبوو و، بەڵکوو باوکم و بەگزادەکانی جافی کەلار، زۆر دۆست و هاوبەشی تێکۆشانی نیشتمانی بوون، لەم سەر و لەو سەر، زەرداو بووە مەنزڵگای لەشکری تاڵەبانی کە لە

لیوای کەرکوکەوە بۆ هاواری شێخ وەهابی تاڵەبانی دەهاتە دێی «قرەبلاغ»، دەبوایێ سوارانی زەرداویش بەسەر لەشکریی شێخ عەتا، تێکەڵی ئەو لەشکرە ببێت.

لەو کاتەدا، من قوتابی کۆلیجی حقوق بووم و ئیحسانی برام قوتابی قوتابخانەی ئامادەیی بوو و، دەبوایێ میوانداری ئەو لەشکرە زرمەیە بکات.

کچانی زەرداو، لەسەر ساوەر کوتانیدا گۆرانییان بەئێمەوە دەگوت و، هەر کەسە کارێکیان پێ ڕادەسپارد.

میرم شێخ مکرم... آە آە
قانون بخوێنێ... آە آە
لە تەختی شاهی... آە آە
شا داوە زێنی... آە آە

میرم شێخ عەتا... آە آە
لەشکر بشکێنێ... آە آە
لە ڕۆژی داوا... آە آە
سوار هەڵڕفێنێ... آە آە

میرم شێخ ئیحسان... آە آە
سوار داوە زێنێ... آە آە
لە ڕۆژ داوا... آە آە
لەشکر بروێنێ... آە آە

لەم گۆرانییەدا کە هەریەکە ئەرکێکیان پێ سپارد بوو ئێمە هەر لە سییەکان تێکەڵی تێکۆشانی نیشتمانی بووبووین. من چەند جارێک لە



بەغدا دەسگیر کرابووم. لە ناوی زەرداوییاندا ئەو باوەڕە هەبوو کە من دژی «شا»ی عێراقم و بۆ لابردنی تێدەکۆشم. شێخ عەتایش سەرلەشکریی زەرداوی دەکرد و شێخ ئیحسان میوانداریی لەشکریی تاڵەبانی دەکرد.

**زەرداو...**

دێیەکی سەد ماڵی و لە پێشەگای سنووری کوردستانی باشوور دایە. دەشتێکی فراوان و چۆڵ، هاوینان لەبەر گەرمی، دەشت و دەر بۆ کزی لێ دێت. گەردەلوولی هاوین بەقەد باڵای دێوێک درکوداڵ و تەپوتۆز بەرەو ئاسمان لوول دەدات و گڕەی نیوەڕوان وەکو ئاگری دۆزخ رووی مرۆڤ هەڵدەقرچێنێ. ئەو چەند دارە سەوزەی ماڵی ئێمە بووبووە بووکی ئەو دەشتە چۆڵە، بەڵام بەقەد ئەو گەرمایە، زەرداو، وەکو دڵ خوێنی گەرم بەهەموو لەشی مرۆڤ بڵاو دەکاتەوە، ئەمیش لەو ناوچەیەدا ڕۆشنبیری و ئازادیخوازی و بیروڕای پێشکەوتووخوازی بڵاو دەکردەوە. وەکو چرا قەڵاچۆی تاریکیی شەو دەکات، بیروباوەڕی ئێمەیش وەکو دێو و درنج لە (بسم الله) دەترسێ، ترسی خستبووە دڵی ئاغاو دەرەبەگ و کاربەدەستانی حکوومەت.

لە ساڵی ١٩٤١ کە ئینگلیزەکان دووبارە عێراقیان داگیر کردەوە، لەشکری دەیەمی بەریتانیا کە بۆ بەرهەڵستیی ئەڵمانیای نازی خۆی ئامادە دەکرد بنکەی گەورەی لە ناوچەی کفری لە دێی «کنگربان» دانابوو و ڕێگای هاتوچۆیان لە ڕێی «شارێ»وە، بەناو زەرداودا هاتوچۆیان دەکرد. لەو ناوچەیە تەنها لە ماڵی ئێمە چاویان بەکتێبخانە و بەتایبەت کتێبی مارکسی – للینین دەکەوت، لەبەرئەوە ناوی زەرداویان بە (کومونیست ڤیلیج) دەبرد، ئێمە بەوەوە شانازیمان دەکرد.



هەر جارێ بۆ مەشقکردنی جەنگ زیانیان لە دەغڵودان دەکرد دەمی ئاغاکانیان بەپارەیەکی زۆر چەور دەکرد و چاویان پێ شۆڕ دەکردن؛ بەرێزەوە تەماشای ئەوەیان دەکرد کە ئێمە پارەمان لێ وەرنەدەگرتن و دەمانگوت ئەمە «لە پێناوی خەبات دژی فاشیزم»ە.

لە پاین ڕۆژئاوای دێوە مزگەوتێکی گەورەی کۆن لەسەر چەمی زەرداودا هەبوو. مەلا دەیویست پارە کۆ بکاتەوە و مزگەوتێکی نوێ دروست بکرێت. ئێمە دەمانگوت مزگەوت هەیە و لە هەرلایەکە ڕوو بکە قیبلە نوێژ دروستە، بەڵام منداڵانتان پێویستییان بەقوتابخانە هەیە، زەرداوییەکان ئەمەیان لا پەسەندتر بوو و قوتابخانەیان دروست کرد و بۆ یەکەم جار کوڕ و کچانی دێ پێکەوە هاتنە قوتابخانە، زۆربەی ماڵان بێ دەرەباجە و پەنجەرە بوون، کە کتێبی قوتابخانە کەوتە ماڵانەوە، قوتابیان پێویستیان بەڕووناکی بوو و لە ژوورەکاندا دەرەباجە و پەنجەرەیان کردەوە، ئیتر ماڵان بەتیشکی هەتاو و بیری زانستی ڕووناک بوونەوە. قوتابخانە ساڵ بەساڵ پۆلی نوێی لێ کرایەوە. گەلێک لە کچان و کوڕانی دێ پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو کردبوو، ئەوەی دەس ڕۆیشتوو بوو کوڕ و کچی ناردە قوتابخانەی بەرزتر. ئێستا لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە، مامۆستایانی کۆلیج و مامۆستایانی قوتابخانە و زۆریشیان لە کۆلیج و مەعهەد دەرچوون.

هەزاران ساڵ بوو لە کوردەواریدا نووسین نەبوو، زەرادەشت ئاڤێستای بۆ هێنان، بەڵام لە کاهینەکان بەولاوە کەس فێری نەبوو. ئیسلام هات «قورئانی پیرۆز»ی بۆ هێنان، بەڵام هەر مەلا فێری بوو. ئاغایان نەیاندەویست لە مەلا بەولاوە کەسی دی فێری ببێت، چونکە قورئانی پیرۆز دەڵێت: «لیس للانسان الا ما سعی» ئەمەیش بۆ بەرژەوەندیی ئاغا دەست نادا، دەبوایێ مەلا هەر بڵێت: «اطیعوا الله واطیعوا الرسول واولی

الأمر منکم» و ئیتر هیچی تر. حکوومەتانیش لە قورئاندا «الانفال»ی کردە بەشی کوردان. بەڵام قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەوەدا لێبووردنیشی لەگەڵدا هەبوو، هەر ئەو نەرمی و لێبووردنە ڕێگای هەموو دۆڵ و چیاکانی کوردستانی بۆ ئیسلام کردەوە.

کورد لە هەموو ڕژێمێکی نوێ دەسلمایەوە، چونکە هەریەکە ئەرک و باجێکی نوێی لە دواوە بوو، کە ئیسلام هات بەترسەوە تەماشایان دەکرد. دەڵێن بانگدەرێک چووە سەر گردێک و دەستی کردە «الله اکبر» کوردەکان هێشتا ڕاستیی ئیسلامیان نەدەزانی. کورد دەپرسێت: «ئەرێ ئەوە چی ئێژیت؟». «بانگ ئێژیت بانگ» «بۆچی؟»، «بۆ نوێژ»، «خۆ زیانی بۆ پەزەکان نییە؟» «نە»، «دە باشە لێیگەڕێ با بێژێت».

عەرەبەکان گوتیان دەبێت فێری عەرەبی بن، چونکە قورئانی پیرۆز بەعەرەبییە، بەڵام کوردەکان بەعەرەبی هەر فێری نوێژ بوون و نیوەیشیان بەکوردیی دەیوت.

دەڵێن کوردێکی هەورامی بۆ فرۆشتنی گوێز و هەنجیرە وشکە ڕێی دەکەوێتە دێی دراجی داودەی کوردستان ئێوارە کە نوێژی خۆرئاوا دەکات دەڵێت: «نیەت کرۆ پەرێ روکعات نوێژی ئێوارە بکەیۆ بۆ خوای تەعالا الله اکبر». حەمە خورشید ئاغای داودە لێی دێتە وەڵام: «کوڕە سەک باووک خوا وە هەزار حال فێری زووانی ئێمە بوو، ئێستا چوزانێت «پەرێ» چییە؟!».

قورئان لەم وڵاتانەدا عەرەب و کورد و فارس و تورکی بەستە یەکەوە، بەڵام وەکو «ئاڤێستا» کوردی نەکردە فارس، قورئانیش کوردی هەر کردە موسڵمان، بەعەرەبی نەکرد. گوتیان «ئەم کوردستانە عەرەبستانە؟» ئەی بۆچی هەزاران ساڵ و لە پێش هاتنی ئێوەیشەوە هەر ناوی «کوردستان» بووە و کورد تێیدا ژیاوە، ئێسکی باوباپیری کێ لە ژێر ئەم خاکە دایە؟



دەڵێن «ئەمە هەڵەیە دەبێت نەژادیتان ڕاستکەنەوە و ببنە عەرەب» قورئانی پیرۆز دەڵێت: «وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا انّ أكرمكم عندالله اتقاکم». واتا خوای تەعالا ئێوەی بەعەرەب دروست کرد، ئێمەیشی بەکورد دروست کرد. ئەمەی ئێوە ئەوە دەگەیێنێ کە (استغفرالله) خوای تەعالا بەهەڵە ئێمەی بەکورد دروست کرد، ئێوە دەتانەوێت ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە. ئیسلام ئەوەندە هاوتایی لە نێوان میللەتانی کردووە، لە بانگ لەگەڵ فاتحە خوێندن بۆ گیانی پیرۆزی پێغەمبەر (ص) ناوی (بلال الحبشی)یش دێنێت.

## سەربازی...

له کوردستاندا بۆ مەبەست و له لایەن حکوومەتانی غیرە کورد گیراوە. کوردەکان ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر سەربازگرتنی زۆرداری تورک و فارس و عەرەب دەربڕیوە. چونکە ئەم سەربازییە نەک له بەرژەوەندیی کوردان بەڵکوو بۆ مەبەستی ئەوان و زۆر جار له دژیان بەکاریان دێنن. بۆ ئەم ناڕەزاییە گەلێک هەڵبەست و گۆرانییان پێدا گوتووە.

یا خوا ڕەزا شا حەوت کوڕت بمرێ
کێ دیویە له کوردان ئیجباری بیگرێ
کوڕم گەورە کرد بەشیر و شەکر
ڕەزا شا بردی بۆ شەڕە خەنجەر

ئەمە ناڕەزایی کوردەکان بۆ خزمەتی حکوومەتانی بێگانەی داگیرکەر دەردەبڕێت. ئەم حکوومەتانە تەنها له کۆڕی شەڕا مردن مساواتی له نێوان میللەتاندا کردووە.

باوکم هەر له سەرەتای دەرچوونی یاسای «بەرگریی نیشتمانی = الدفاع الوطني» کە سەربازی بەزۆرداری دەخاتە ئەستۆی هەموو لاوێک، دەیویست لاوانی زەرداو سەربازی بکەن، بۆ ئەوەی فێری چەکداری و جەنگاندن ببن و فێری خوێندەواری بن و شاران ببینن و چاویان بکرێتەوە، گەلێک کەس له دێهاتی دی، بەفرۆفێڵ و بەرتیلدان خۆیان له سەربازی ڕزگار دەکرد. یەکەم لاوی زەرداو کە چوو بۆ سەربازی «کەریم زۆراب» بوو،



له هەموو دێدا دەنگی دایەوە، بەڵام له پاش ئەوەی منداڵانی قوتابخانەی زەرداو پلەی خوێندنی سەرەتاییان بڕی، ئەوەی توانای خوێندنی دیکەی نەبووە بووە سەربازی (خەتدار) و جێگری ئەفسەر، له شەڕی نێوان عێراق و ئێران، نزیکەی ٩٠ کەس له دێی زەرداو له کۆڕی شەڕدا بوون و ئازایییەکی زۆریان نواند و دوو کەسیان له سەربازییەوە یەکسەر کرانە ئەفسەر و سێ کەسیشیان نیشانی ئازاییان وەرگرت، کەچی حکوومەت کە بڕیاری وێرانکردنی کوردستانی دا، لەگەڵ دێهاتی دی دێی زەرداویشی وێران کرد و گەلێک له زەرداوییەکان، بەرەو ژوور چوونە ناوچەی زەنگەنە و زۆریشیان بوونە فاقی «الانفال»ەوە و له بیابانی «عەرعەر» زیندەبەچاڵ کران. «جەنابی سەرەک کۆمار... دێی زەرداو ١١٠ ماڵە مزگەوت و قوتابخانەی شەش پۆلی و بیرێکی ئیرتوازی تێدا بوو. له کۆڕی شەڕدا ٩٠ ئەفسەر و جێگری ئەفسەر و سەربازی دەرجەدار دەجەنگان و ئازایییەکی زۆریان نواند. ئەم دێیە چوار شەهید و دە ونبووی هەیە، ئیتر چیتان لێ دەویست و وێرانتان کرد؟». له وەڵامدا: «بۆچ ئاگادارت نەکردم، گەر دەمزانی پێوەندی بەئێوەوە هەیە جودام دەکرد و دەمهێشتەوە.» «جەنابی سەرۆک. من مەبەستم تەنها زەرداو نییە، مەبەستم ئەم کارە ناڕەوایەیە کە له کوردستان دەکرێت» (له گفتوگۆیەک له نێوان من و سەرەک کۆماردا له ١٩٨٧/٥/٧ کرا).

«جەنابی سەرۆک... دەنگوباس وا دەگەیێنێت کە هێرشێکی سەربازیی نوێ دەبەنە سەر دێهاتی کوردستان و بەچەکی کیمیاوی هەزاران کەسی بێ گوناه دەکوژن. ئەم هاوڵاتییانە بەشەرن هەرچەنێک له بیری بەشەرییەت چوونەتەوە و هەروا ئەمانە عێراقین و موسڵمانن، له مێژوودا نەبیستراوە کەسێک وەکو جەنابتان وا میللەت لەناوبەرن، ئەگەر مەبەستتان ئەوە بێت کە کورد له کوردستان نەهێڵن و له بیری خەڵقی بەرنەوە، ئەم خەیاڵە خاوە، مافی میللەتێک له نیشتمانیدا لەبیر ناچێتەوە.» (له نامەیەکی

نووسەر بۆ سەرۆک کۆمار لە ١٩٨٨/٦/١٠.

لە دەرسی جوغرافیادا دەمانخوێند کە «دەریای سوور» لەوە پەیدا بووە؛ لەو جێگایە ئەرز داکەوتووە و لە پاشا کەوتووەتە ژێر ئاوەوە. لە کوردستانیش هەر کەسێک وەکو گوڕ هەلکەن بەبێڵ و باڵتە خەریکی وێرانکردنی بووبێت، لە ئەنجامدا خۆی دەبێتە ژێر لافاوی جەماوەری کوردستانەوە و خۆی نقووم و سەرنگووم بووە.

کوا میم سوەیل بەو دەنگە نەرم و بەسۆزەی بۆ ئەحەی خورشە و شکورە شەل و ئازادیی شەهیدان بلاوێنێتەوە و مردووەکانی گۆڕستانیش لە ژێر بەردی «ئەلحەد»ەوە سەربەرزکەنەوە و ڕاپەڕن؟! ئەمە کوردستانە، تەیمور و هۆلاکۆ و شایانی قاجار و مستەفا کەمال، پترتری لێ کرد، بەڵام کەسیان نەمان. ئێستایش دڕەندەکانی «الانفال» کە هەزاران دێی کوردستانیان وێران کرد و سەدان هەزار ژن و پیاو و منداڵیان لە بیابانی «العرعر» زیندەبەچاڵ کرد، نەوەی تازە، هەزاران شەقام و دێی وێرانکراو لە ژێر کەلاوەکان دەردێنن و لە جاران جوانتر دروستیان دەکەنەوە، دار بەڕووی سووتاو دووبارە سەوز دەبێتەوە و بەباڵی چیاکانی کوردستان دادەپۆشێتەوە و ژمارەی کوردیش تا دێت پترتر دەبێت و لەجیاتی حەمە و حەسەن و قالە، ئازاد و شێرزاد و پەریزاد شیرین ناوی ڕۆڵەکانیان دەنێن، لە ڕۆژژمێری نوێدا لەجیاتی ساڵانی گرانی و چاوە قولە و ئەنفال و عەرعەر و تاڵانی و دێ وێرانی، خۆشبەختی و تەندروستی و بەرگری و ئاوەدانی تۆمار دەکەن.

بەڵێ، زەرداو ئەو لاوە شۆخە برنۆ بەدەستانەی تێدا نەمان، بەڵام ڕۆڵە تازەکان لە پێچی پشتێنەکەیاندا خەنجەری تۆڵەسەندن دەشارنەوە و ئیتر بڕوا بەڕۆم و عەجەم ناکەن.

زەرداوییان... وەکو هاونیشتمانی دیکەی کوردستان هەر لە پایزەوە



دانەوێڵە و وشکەی زستان کۆدەکەنەوە. ساوەر، دۆینە، کەشک، قەرە خەرمان و بڕوش و ڕۆن و خورما کۆ دەکەنەوە. بۆ چا و شەکریش هەفتە بەهەفتە، بارەکایان دەبردە شاری کفری و دەیانگۆڕییەوە بە «کەللە»یەک شەکر و یوز درەم چای... لەبەر ئەم دەسکورتییە و وشکە ساڵان، دانیشتوانی ئاوە کاڵ بۆ گاڵتە بەیتیان پێدا هەڵدەدان.

زەرداو تلیشان خەرجیانی کایە
کەللەیەک شەکر و یوز درەم چایە

ئەم وڵاتە دەیمەکاڵە، دەکەوێتە گەرمیان و سنووری کەم بارانی کوردستانەوە. کاتی وا دەبێت ساڵ لە دوای ساڵ نەهات دای دەگرێت و هەموو دەکەونە سەر «ساجی عەلی»، بەڵام کەس لە برسانا نەمردووە و ئەو ساڵانە بەهەر جۆرێک بێت، بەفرۆشتنی مەڕوماڵات و تفەنگ دەبەنە سەر، لەگەڵ دەستپێکردنی بارانە ساڵ و پیت و بەرەکەتی بەهاری ئەو خاکە، بەقارچک و دۆمەڵان و کز و هەپلۆک و پیشۆک و تۆلەکە دەژین و لەسەر وتەی «الضرورات تبیح المحضورات»، هەندێک بۆ ڕزگارکردنی ماڵ و منداڵیان، بڕیاری خواردنی گۆشتی ڕیوی و کەمتیاریشیان دەدا و خۆیان دەگەیاندە ساڵانی بارانە ساڵ و دەبووژانەوە.

بۆ کڕینی خورما و تووتن، هەندێکیان وەکو «رحلة الشتاء والصیف» بەرەو خواری کوردستان کاروانێکی پیازیان بۆ «بەدرە» و «جصان» دەکرد و گەنمیان بەخورما دەگۆڕییەوە. لە بەهاریش دەچوونە شارەزوور بۆ هێنانی تووتنی قاچاغ، لەمەدا زۆر جار لەگەڵ پۆلیسی ڕێژی تووشی گێچەڵ دەبوون، یان بەبەرتیل و یان بەلوولەی تفەنگ خۆیان دەرباز دەکرد. لە یەکێک لەو گێچەڵانەدا «حوسە گێژی» ڕۆڵەی ئازای زەرداو کوژرا و لەو ناوچەیەدا ئازایی و شەڕەنگێزیی دەنگی دایەوە.

ئەم هاتوچۆیانەی کاروان زۆری پێ دەچوو. ڕێگای کاروان بەناوی ئەو

دۆڵ و هەردەیەی دوور و درێژ دەڕۆیشت و هەر نەدەبڕایەوە، لە گەڕانەوەدا، لە زەلاوی نزیکەی دێ، دەنگی «تیتە بوجاغ» مژدەی ئاوەدانی پێ دەدان. ئەم دەنگی تیتلە بوجاغە تێکەڵی «هۆرە» و «قەتار و ئەڵڵاوەیسی» کاروانچییان دەبوو و مژدەی گەڕانەوەیان دەدایە کەسوکاریان و دەهاتنە پیریانەوە لەبەرئەوەی سۆزی قەتار و ئەڵڵاوەیسی مزگێنی گەڕانەوەی دەدایە زەرداوییان، هەر بەبیستنی چاویان پڕ دەبوو لە فرمێسک.



**شمشاڵ**...

مۆسیقایەکی کوردییە. شوان بۆ لەوەڕاندنی مەڕ، شمشاڵ ژەن لەدیواخانی ئاغایان و سۆفیان لە کۆڕی زیکردا نەغمەی بەسۆزی لێوە دێنن. لەم ناوچەیەدا ئەم شمشاڵە لە کەمەری زۆربەی شوان و گاواندا دەبینرێت. بێ دەنگی تەنهایی دوور و درێژی ژیانی ڕۆژانەی بەئاوازی شمشاڵ کورت دەکاتەوە. ئەم شمشاڵە بریتییە لە چەند قەفێکی قامیش کە لە زەلاوەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوێت و چەند کونێکی تێدایە.

لە کوردەواریدا دەڵێن: «هەموو شمشاڵێک وەکویەک کونی تێدایە و هەموو دەستێک بەقەد یەک پەنجەی هەیە، بەڵام تەنها شمشاڵ ژەنی بەهونەر دەزانێت چۆن پەنجەی بەسەر کونەکانیدا بجوولێنێتەوە و ئاوازی خۆشی لێ دەربێنێت.

شاعیری بەناوبانگی کورد؟؟؟؟ شمشاڵ بەخوا دادێک دادەنێت و دەڵێت:

زانا و سۆفیی گەورەی کورد شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی لە هەڵبەستێکی فارسیدا لەسەر هەڵبەستە سۆفییانەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی لەم بابەتەوە دەڵێت، ئەمە وەرگێڕە کوردییەکەیەتی:

عەشق لە نەی دا چۆن ئاوازی ساز کرد
لە زوبانی نەیەوە هاتە گفتوگۆ و گوتی
هەرچەنێک نەغمە لە بانگی نەی دایە

نەغمە زەنی نائی عاشقە، نەی چییە!
گوێ لە نەی بگرە چی دەڵێت هۆشت بێتەوە
لۆکەی بێهۆشی لە گوێت دەربێنە،
گۆی بکرە چی ڕووی داوە، هۆشیاریی بێ هۆش کرد
بەبێ بێهۆش چاوەڕوانی سر و ساز مەبە
لەو کاتەدا کە لە هوشیاریی دێتە دەر
ئەوجا لە هاوار و بانگی نەی تێدەگەیت

و کە باسی نەی ژەن دەکات، شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت:

دەستەڵاتی بێ پەروایە نەی دەبڕێت
نەغمەکانی دەبێتە نهێنییەکی خودایی
ئەوەی دەیڵێت لە نەغمەکان و پەردەکان
لە جیابوونەوەی دڵدار و دەردەکان
لە غەمی دووری و لە نەشمەی نزیکیی
لە شکۆی عەشق و لە نووری جوانیی
هەمووی لە نەی ژەن دایە نەک لە نەی
ئەوەی نازانێ ڕابووردووی نەی چییە
ئەوەی لە نەیدا مەقام و پەرەها هەیە
دەستی نەی زەن و دەمی هێناویە

نەک تەنها مرۆڤ، بەڵکوو ئاژەڵیش گوێ بۆ شمشاڵ شل دەکات لەسەر ئاوازی نەرم و دڵگیرانەی شوان بەدڵنیاییی دەلەوەڕێت. شوان هەر شمشاڵی لە پشتوێندا نییە، خەنجەرێکیشی لە پشتێنەکەی دایە. بەئاوازی نەرمی شمشاڵ مەڕەکانی هێمن دەکاتەوە، بەخەنجەری دەبانیش لە گورگ و لە پیاوخراپ دەیان پارێزێت.



## لاووک...

ئەو لاوانەوەیە کە بۆ مەرگی ڕۆڵە ئازاکانی کورد دەگوترێت... ئەم لاووکە لە کوردستاندا تەنها بۆ فرمێسک ڕشتن نییە، بەڵکوو بریتییە لە مێژووی نەنووسراوی ڕووداوەکانی کوردستان و بەرهەڵستیی جۆری زۆرداران، کە بەدەیان چەرخە لە باپیرانەوە بۆ ڕۆڵەکان ماوەتەوە. هەر هەرێمێکی کوردستان شێوەیەکی تایبەتی لاووکی هەیە و ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ناوچەیە تۆمار دەکات و دەیخاتە سەر زوبانی بوێژەکان و بەدێهاتی کوردستاندا دەگەڕێن و لەسەر شازی «تەمورە» بۆ خەڵکی دەگێڕنەوە.

لە گەرمیانی کوردستانی خواروو «شەریف بەگ» کە لە ئێڵی زەنگەنەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە ناو ئێڵی دەلۆدا ژیاوە بەشەریف بەگی دەلۆ ناسراوە، باسی هەڵمەت و ئازایی ڕۆڵەکانی ئەم ناوچەیە بەزاری کرمانجی خوارووی ئەم وڵاتە بۆ گۆرانیبێژان هۆنیوەتەوە. لەم وڵاتەدا یانزە سوارەکەی «کەمەر خان» کە وەکو دوانزە سوارەی مەریوان، شەریف بەگ وەکو شانامەی فردەوسی بەهەڵبەست باسی دەکات و لە دیواخانان گۆرانیبێژان دەیڵێنەوە. ئەمانە لە باج و زەبر و زۆریی مەئموورانی عوسمانلی یاخی بوون، بەڵام بەنامەردانە بەدەستی ژاندارمەکانی عوسمانلی و هێزی سوارە (حمیدیە) کورد بەسەرکردەی حوسێن ئاغای هەمەوەند لە پاش شەڕێکی ئازایانە لە یەکێک لە زنجیرە چیاکانی زاگروسی کوردستان کە لە ژوورووی شاری کفرییە کوژران و بۆ ترساندنی ڕۆڵەکانی ئەم ناوچەیە لاشەکانیان

خستنه سەر هێستر و هێنایان بۆ کفری، دەڵێن دایکی کەمەرخان لەسەر بەرماڵی نوێژی خۆرابوو کە لاشەی خوێناوی کوڕە ئازاکەیان خستە بەردەمی و هەر لە نوێژەکەدا لەسەر بەرماڵەکە گیانی سپارد.

جووتیارانی ئەم ناوچەیە لە پێش تۆوکردنی زەویوزاریان بۆ پاککردنەوەی لە دڕکوداڵ ئاگری تێبەر دەدەن. میللەتی کوردیش ئەوەندە ژێردەستیی بێگانەی دیوە، بەهەزاران چڵکاوخۆری تێدا پەیدا بووە و خەباتی میللەت تێک دەدەن و ڕەنجی تێکۆشانی بەبا دەدەن. ئەم وڵاتەیش دەبێت وەکو ئەو دڕکودالە لەو چڵکاوخۆرانە پاک بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەنجی تێکۆشانی بەبا نەچێت.

جارێک بەمیوانداری چوومە «یەرەڤان»ی پایتەختی کۆماری ئەرمنستانی سوفیاتی، لە میوانداری شامدا چەند وەزیرێکی ئەرمەن و گەلێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی ئەرمنستان بانگ کرابوون. یەکێک لە وەزیرانی ئەرمەنی لێی پرسیم: «جەنابتان لاووک دەزانن؟ وتم: «نە». بەسەرسووڕماوی پرسی: «چۆن؟! لاووک مێژووی میللەتەکەتانە. هەرچەنێک مێژووتان بەڕاستی نەنووسراوە، بەڵام زۆربەی ڕاستییەکانی بەسەر زمانی بوێژان و لە ویجدانی هەزاران کەسدا تۆمار کراوە. باسی شۆڕشەکانی کورد دژی بێگانەی داگیرکەر و ئازایی ڕۆڵەکانی کورد وەکو ملوانکی خونچەی گوڵەباخی بەهار، لەو لاووکە نایابانەدا هۆنراونەتەوە.». ڕووی کردە وەزیرێکی ئەرمەن وتی: «لاووکی دەرسیم دەزانی؟» یەکسەر بەدەنگێکی نەرم و حەزین لاووکی باسی شۆڕشی دەرسیمی بۆ وتین.



**گوڵ**... کوردستان وڵاتی گوڵ و گوڵزارە. لە بەهاردا سەرانسەری کوردستان بەگوڵی ڕەنگامە دەڕازێتەوە، لەبەرئەوە لە گۆرانی و هەڵبەستی کوردیدا، بەتایبەت لە گۆرانی بوێژەکانی ئەم ناوچەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە. مەولەوی دەڵێت:

گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

بەهار دێت و دەڕوات، گوڵ و گوڵزار دەگەشێتەوە و سیس دەبێت. مەم و زین و خەجێ و سیامەند باسی ژیانی ڕابووردووی کوردستان دەکات. چەرخ دێت و چەرخ دەڕوات، گۆرانیی کۆن کز و گۆرانیی نوێ باوی دێت، بەڵام قەتار و لاووک و حەیران، وەکو مافووری عەجەم تاکو کۆنتر بێت زاخاوتر دەبێت. لاوانی سەرکێش هێمن دەکاتەوە و بەو پەندە جوانانە دەیانکاتە پیری دانا و پیریش دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوری لاوێتی، ژیانی میللەتەکەمان بەو جۆرە بووە. جارجار دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ هەڵپەڕکێی سەما و جارجاریش بۆ شین و چەمەرانی لێی دەدا... هەر ئەو زایەڵەیەی کە پیر و جوان دێنێتە سەما، هەر ئەویشە دەیانخاتە شین و واوەیلا. خۆشی و ناخۆشی لە دەهۆڵ و زوڕناکاندا نییە، لە ڕابوردوو و ژیانی خۆمان دایە.

لە جێژن و لە شایی، دەهۆڵ و زوڕنا نەغمەی سوارانەی بۆ لێ داوین. ئێمەی لاوی چاپوک سوار، لە مەیدانی «ڕمبازی»دا تفەنگی برنۆمان وەکو خامەی نووسین هەڵمان دەدا و دەمانقۆستەوە. مەیدانی ڕمبازی مەیدانی مەشقە بۆ هونەر و چاپووکی و جەنگانە. ئەم هونەرەش بەئاسانی دەست

ناکەوێت. دەیان جار لە «زین» دەگلاین و تووشی ئازار دەبووین، وەکو دەڵێن: «سوار تاکو نەگلێت بەسوار نابێت» لەو گلانانەدا چوخت دەبووین و چاومان لە هیچ نەدەپرووکان. لە سیاسەتیش هەر وایە، سیاسەتمەدار، وەکو ئاسن لە ناو بڵێسەی ئاگر و ساردیی ئاودا دەبێتە پۆڵا، تێکۆشەرانیش لە چەشتنی گەرما و سەرما چوخت دەبن و لە هیچ ناترسن.



### شێخ جەمالی باوکم...

پیاوێکی شۆخوشەنگ و دیمەن جوان و سوارچاک و نیشان شکێنی چاک بوو، لە مەجلیساندا سەربەرز و قسەزان و زمانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی دەزانی و گەلێک کتێبی بەم زوبانانە دەخوێندەوە و گەلێک شیعر و ئەدەبیاتی ئەم زوبانانەی لەبەربوو. شیعرەکانی حافزی شیرازی و شێخی سەعدی و فردەوسی و مەولەوی و کوردی و شیعرە خواپەرستەکانی شێخ عەبدولڕەحمانی باپیری و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و نامیق کەمال تورکی لەبەربوو.

هەر کەسە بەگوێرەی خۆی لەگەڵیدا دەدوا. لەگەڵ لادێییەکان باسی کشتوکاڵ و لەگەڵ بازرگانان باسی بازرگانی و لەگەڵ ڕۆشنبیران باسی شیعر و ئەدەبیات و لەگەڵ سیاسییەکان باسی سیاسەتی دەکرد.

شێخ جەمال یەکێک بوو لە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ حەمە بەگی فەتاح بەگی جاف لقی کۆمەڵەی «ئازادیی کوردستان»یان دامەزراند و بیری کوردەوارییان لە ناوچەی کفری بڵاوکردەوە. لەو کۆمەڵە لەوچەیەدا، مامۆستا سەعید ئەفەندی موفتی و سەعید وەنداوی و وەستا ساڵحی بەرگ دروو و... هتد هەبوون، ئەم کۆمەڵە گەلێک پیاوە ناسراوەکانی کوردی تێدابوون، وەکو جەمال بابان، حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغا، توفیق قەزاز و شێخ محەمەد گولانی و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی و حازم شەمدین ئاغا زاخۆ.

شێخ جەمال جێگەی لێقەوماوانی کورد بوو. کوڕ و خزمانی «جافرسان» لە پاش شکستیی شۆڕشەکەیان دژی ڕژێمی ڕەزا شای ئێران هەنایان هێنا بۆ دێی زەرداو و شێخ جەمال داڵدەیانیدا و بەمانگەها و ساڵەها میوانداریانی کرد... لەم هەرێمەدا جێگایەکی دیاری بۆ خۆی پەیدا کردبوو.

هەر لە ژیانی ئەودا، ئێمە تێکەڵی کوردایەتی بووین و لەو ڕێگەدا تووشی گێچەڵێکی زۆر بووبووین. هەر چەنێک باوکم بڕوای بەکوردە کڵاو فرێنەکانی نەمابوو، بەڵام ڕێگای کوردایەتی لە ئێمە قەدەغە نەدەکرد و نەک تەنها وەکو باوکێک، بەڵکوو وەکو هاوڕێیەک هەمەجۆرە باسی سیاسی لەگەڵماندا دەکرد.

لە فامیلیاکەماندا، هەندێک بۆ کۆکردنەوەی سامان هەڵپەیان دەکرد و سامانێکی زۆریان پێکەوە نابوون، هەندێکیانیش بۆ دەستەڵاتداریی کاربەدەستی سەریان بۆ گەلێک ناکەس شۆڕ دەکرد و بەوە گەیشتنە ئامانجی خۆیان. هەندێکیش، نەک بۆ سامان و دەستەڵات بەڵکوو ڕێگای ئایندارییان گرت و بەئامانجی ڕووحیی خۆیان گەیشتن. بەڵام ئێمە بەشوێنی «ڕاستی» و بۆ ئامانجی میللەن چووین و لەم ڕێگایەدا تووشی ئازار و سەرگەردانی بووین. ئەو ڕێگایە زۆر درێژ و بێ پایانە. لە ڕێگای هەقپەرستیدا تووشی گەلێک دەرد و ئەشکەنجە و دەردی سەری بووین، بەڵام هیچ پەشیمان نەبووینەوە و کۆڵمان نەدا، نە سامان و نە دەستەڵات هیچیان بەجاویدی نامێنن، بەڵام هەقیقەت و نیشتمان پەروەریی وەکو زێڕی ناو تێزاب وایە، هەرچەنێک داخ دەبێت و هەڵدەقوڵێت، بەڵام ناگۆڕێت و بە ڕەونەقتر دەبێت.



## شێخ عەتای برام و برادەرم و هاوڕێم

ئاواتم ئەوەبوو مەرگی نەبینم، بەڵام گەردوون شتێکی دی دەکات. لە ژیانی و لە مردنیدا پایەبەرز بوو. لە پێناوی باوەڕی نیشتمانییدا دەرد و ئەندێشەیەکی زۆری بینی. لە ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٥ کە فەرماندەی لقێکی پێشمەرگەی کومونیستان بوو لە کوردستاندا ئازایانە تێدەکۆشا و دەجەنگا و جێی ڕێز و بڕوای هاوڕێیانی بوو.

شێخ عەتا لە دێی زەرداو هاتە دونیاوە و زۆربەی ژیانی لە ناو زەرداوییان ڕابووارد کە خۆشیانی دەویست و خۆشیان دەویست. لە کەرکووک تاکو پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی خوێند. بەڵام بەکۆچی دوایی باوکمان و بۆ ئەوەی من و ئیحسانی برامان خوێندن بەرینەسەر وازی لە قوتابخانە هێنا، بەڵام فێربوونی لە قوتابخانەی ژیان بردە سەر.

شێخ عەتا هەر لە سەرەتای هەرزەکاریدا چووە هاواری دامەزراندنی لقی پارتی «هیوا» و لەگەڵ مامۆستا محەمەد قەرەداغی زۆر بەچالاکانە بیری کوردایەتی و لقی پارتی هیوایان فراوانتر دەکرد. لێرەدا گەلێک لە ناسراوەکانی کورد وەکو مستەفا بەگی جاف و شێخ محەمەد نەجیبی تاڵەبانی و شێخ ئەحمەدی شاکەل و حەمەی عەلی ئاغای زەنگەنەو گەلێک لە ڕۆشنبیران و کاسبانی کفرییان خستە جموجۆڵی کوردایەتی.

لە دێی کەلار، کەریم بەگی جاف و داوود بەگی برای و حەمەمین بەگی کوڕی کەریم بەگ لقی کەلاریان دامەزراند.

شێخ عەتا و شێخ محەمەد نەجیب تاڵەبانی و حەمەی عەلی ئاغا و وەسمان بەگی شەرەفبەیانی لە ساڵی ١٩٤٥ چوونە هاواری شۆڕشی کورد لە بارزان و هێرشی چەکدارییان بردە سەر بنکەی سەربازی و پۆلیسی حکوومەت. و دوا کەس بوو لە پاش وازهێنانی سەرۆکی هیوا مامۆستا ڕەفیق حیلمی وازی لە هیوای نەماو هێنا. لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانی، لەوانە شێخ حوسێن خانەقا و شێخ قادری سیامەنسوور تاڵەبانی و محەمەد قەرەداغی و عەبدولکەریم ئەسعەد تاڵەبانی کۆمەڵەیەکی دیکەیان دانا بەناوی «هیوای ئازاد»و ڕۆژنامەیەکیان بەناوی «شێلان» دەرهێنا.

لە پاش تێکچوونی دوا ڕێکخراوی هیوا، شێخ عەتا هاتە پارتی کۆمونیستی عێراق و تا دوا ژیانی پڕ لە خەبات هەر لە پارتی کۆمونیستیدا بوو.

کە سەرەک وەزیران عەبدولکەریم قاسم بەهاندانی کۆنەپەرستان لە میللەت هەڵگەڕایە. شێخ عەتایش لەگەڵ چەند ئەندامی پارتی کۆمونیست دەسگیرکران و لە بەندیخانەی عیمارە بەند کران. لەو کاتەدا من موفەتشی گشتیی وەزارەتی ئیسلاح زراعی بووم. دەبوایێ ئەرکی خۆی لە بەندیخانە و ئەرکی خێزان و منداڵەکانی بخەمە ئەستۆم، بەشێک لە مووچە کەمەکەمم بۆ ئەوان دادەنا.

لە پاش دەرچوونی لە بەندیخانە، وەکو لێپرسراو لە لقی کفری پارتی کۆمونیست هاتەوە کۆڕی خەباتەوە و، لە ساڵی ١٩٦٣ زەرداوی بەجێهێشت و لەگەڵ گەلێک لە خەباتکەرانی پارتی کومونیست لە دێی فەواڵی کۆبوونەوە و خۆیان ڕێکخست بۆ بەرهەڵستیی وەرگێڕانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣. لێرەدا کرا بەفەرماندەی لقی پێشمەرگە و لەو شەڕانەی کە لەگەڵ هێزە سەربازەکانی حکوومەت کردی ئازاییەکی زۆری نواند.

لە ساڵی ١٩٦٥ کە سەرکردەی شۆڕشی کوردستان کەوتە گفتوگۆکردن



لەگەڵ حکوومەتدا، شێخ عەتا گەڕایەوە دێی زەرداو. بەڵام ئەمە زۆری پێ نەچوو و دووبارە گەڕایەوە ناو هاوڕێ پێشمەرگەکانی. لەم کاتەدا حکوومەت ماڵەکەی زەرداری سووتاند و بۆ ئەم مەبەستە سەعدون غێدان و حماد شەهابی خستە کارەوە.

لە پاش گەیشتنی پارتی بەعس بەدەسەڵات دەرچوونی بەیانی یانزەی ئازار و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی لە نێوان پارتی بەعس و پارتی کۆمونیست و بەشداریکردنی پارتی کۆمونیست لە حکوومەتدا، شێخ عەتا کرایە سەرۆک شارەوانی شاری کفری و لەم کارەدا تاکو ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ مایەوە و لێرەدا چووە ڕیزی ڕزگارکەرانی شاری کفری. هەرکە هێزی سەربازیی حکوومەت بەبەشداری «مجاهدی خلق» هێرشیان بردە سەر کفری، شێخ عەتا و هاوڕێکانی بەرهەڵستییان کرد و دوا کەس بوو کە کفری بەجێهێشت و ماڵی تاڵان کرا و لەگەڵ ملیۆنەهای کورد چووە کوردستانی ئێران و لە پاش گەڕانەوەی بۆ سولەیمانی و لە ڕیزی پارتی کۆمونیستی کوردستاندا خەباتی کرد و تا دواهەناسەی لە ڕیزی گەلدا خەباتی کرد.

شێخ عەتا، وەکو لە ژیانیدا جێ ڕێزی میللەت بوو لە مردنیشیدا هەروا بوو. جەماوەری سولەیمانی، بەحکوومەت و میللەتەوە تەرمەکەیان بەجۆرێک لە گردی سەیوان بەخاک سپارد کە لەگەڵ پایە بەرزیی خەباتکەرێک بگونجێت.

شێخ عەتای برام و برادەرم و هاوڕێم لە دڵم و ویجدان و هەموو هەستم و لە ویجدانی میللەتدا دەژیت. جێگەی بەهەشت بێت.

## چرای کوردایەتی و بیری پێشکەوتووخوازی

بەدرێژایی مێژووی نوێ، زەرداو بوو بووە چرایەکی ڕووناککەرەوەی ئەو ناوچەیە. هەر لە سەرەتای سییەکاندا زەرداو و کەلار دەستیان خستە ناو دەست و چرای کوردایەتییان لە ناوچەی کفری هەڵکرد. لە ساڵی ١٩٢٩ەوە شێخ جەمالی تاڵەبانی و حەمە بەگی جاف بۆ مافی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا تێدەکۆشان و لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ من یەکێک بووم لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵەی دارکەر و لە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٨ بووە پارتی هیوا لەم ناوچەیەدا شێخ عەتا و محەمەد قەرەداغی لقی هیوایان دامەزراند. هەر لە زەرداوەوە هیوا پەلوپۆی بۆ دێهاتی دی وەشاند و ڕەگی لەو ناوچەیە داکوتا.

هاتوچۆی مەلا سەید عەبدولحەکیم پاوەیی کە بەخانەقینی ناسرابوو، لە نێوان زەرداو و کەلار بۆ پشتگیری لە شۆڕشی کورد و یارمەتیی بارزانییەکان، لە کەلار کۆنگرەیەکی گەورە بەسترا. لەو ناوچەیەدا، زەرداو ئاڵای مەردانەی هەڵکرد و دەستی دایە چەک بۆ یارمەتی شۆڕش.

لە بەیانێکی ١٩٤٥ زەرداو خۆی ئامادە دەکرد بۆ شۆڕش.



**عەلک سەمین**... ستارخانی پڕ لە فیشەکی لە خۆی دابوو و لەبەردەم دیواخاندا هاتوچۆی دەکرد و «هورە»ی دەچڕی. هۆرە لە بنەڕەتدا مەقامێکی بەسۆزی کەڵهوریيە. دووریی وڵات و سەرگەردانی لە ئاوازی ئەم هۆرەیەدا دەبیسترێت. کورد هەموو کاتێک پێویستی بەهۆرە بووە و زۆرجار دەربەدەری و سەرگەردانیی کێشاوە.

چەکدارانی زەرداو لەگەڵ هەڵهەڵەی ژنان و هۆرەی پیاوان لە چەمی جانلغەوە بەرەو ژوور بەرەو بنکە سەربازییەکانی حکوومەت کشان. یان دەست لە بارزان هەڵدەگرن و مافی ڕەوای کورد دەدەن و یا هەموو کونجێکی کوردستانتان لێ دەکەینە بارزان. شریقەکانی برنۆ لە لقەکانی پۆلیس و سەربازی حکوومەت هەڵسا. کەوابوو ئەمە یاخیبوونی ئێڵی بارزانییان نییە، ئەمە شۆڕشی میللەتی کوردە و تاکو دێت دەتەنێتەوە.

## ده ساڵی بەندیخانە...

لە پاش خیانەتی مالک سەیف چوومە بەندیخانەی بەغدا. شێخ عەتای برام بەتەواوی ئەرکی بەخێوکردنی خێزانی خۆی و دایکم و خوشکمی گرتە ئەستۆی خۆی. تەنها هەر ئەمە نەبوو، دەبوایە لە بەندیخانە منیش بەخێو بکات. ئەم ئەرکە لە ئەرکی بەندیخانەی من قورستر بوو. زەرداو ساڵەها تووشی وشکەساڵ دەبوو و ژیانمان زۆر تاڵ دەبوو. شێخ عەتا بەمەیش قایل بوو، بەڵام رۆژێک لە رۆژنامەیەک باسی گوللەبارانی زیندانیانی سیاسی بەغداد و کوشتنی من و گەلێک لە هاورێکەمانی دیبوو. زۆر بەپەرۆشەوە خۆی گەیاندە بەغداد و دڵنیابوو کە نەکوژراوم.

لە پاش دەرچوونم لە بەندیخانە، بەدەسبەسەری نێرامە «بدرە»ی نزیکی سنووری ئێران و لە پاشا هێنامیان بۆ کفری. بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبوایە لە کفری بم و رۆژی دووجار بچمە بنکەی پۆلیس و لە دەفتەری رۆژانەدا ئیمزا بکەم کە هەر لێرەم و هەڵنەهاتووم.

زەرداو تەنها **٢٣** کیلۆمەتر دەکەوێتە خوارووی کفرییەوە. لە پاش ئەوەی ئوتومبیلێکی بچووکم کڕی، ئێواران لە پاش تەفرەدانی ئەو پۆلیسەی کە بۆ چاوەدێریم دانرابوو دەچوومە زەرداو و لەگەڵ شێخ عەتا جامە وەرمان بۆ رۆژی هیوامان دژی رژێمی قراڵی بەغداد.



**حەمید عوسمان**... خۆی بەسکرتێری گشتیی پارتی کومونیستی عێراق دانابوو. لقی کوردی ئەو پارتە لە چلەکانی چەرخی بیستەم لقێکی جەماوەریی گەورەی کوردستان بوو. بەڵام لەو گورزەی کە لە پارتی کۆمونیست درا، لقی کوردستانیش کز بوو. حەمید عوسمان لەبەرئەوەی توانای پەرەسەندنی لقی کوردی پارتی کۆمونیستی نەبوو، ویستی لێ تێک دا و بیخاتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام زۆربەی ئەندامان بەمە قایل نەبوون و ئەمەیان بە«تصنعوی» دادەنا. حەمید پێویستی بە«فتوا»ی ئەندامە ناسراوەکان بوو.

ئێوارەیەک شێخ عەتا هاتە لام و ئاگاداری کردم کە حەمید عوسمان لە زەرداوە و دەیەوێت ببینێت. ئێوارە بەدزە چوومە زەرداو. بگرە و بەردەیەکی زۆر لە نێوانی من و حەمید عوسمان رووی دا. منیش ئەمەم بەخیانەی پارتی کۆمونیست دەزانی و هیچ رێگای ئەوەم نەدا و دڵنیابووم کە هەردوو پارت، پارتی کۆمونیست و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە دەتوانن میللەت بۆ شۆڕش ئامادە بکەن و بەدڵ شکستیی گەڕایەوە.

## سەعدون غیدان و حماد شەهاب لە زەرداو

لە ١٩٦٣ شێخ عەتای برام بۆ بەرهەڵستیی ئینقلابی عەبدولسەلام و بەعسییەکان دەستی دایە چەک و چووە ناو پارتیزانەکانی پارتی کۆمونیست. زەرداو لە ناوچەکانی ژێردەستی حکوومەتدا بوو. لەبەرئەوە دەیویست تۆڵە لە ماڵی شێخ عەتا بسێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە دوو هێرشی کرد. یەکێکیان بەسەرکردەی مقەدەم سەعدون غیدان و دووەمیان بەسەرکردەی عەقید حماد شەهاب.

سەعدون غیدان گێڕایەوە وتی: «کە فەرمان دەرچوو ماڵی شێخ عەتا بسووتێنین، لە ڕێگای قەرەتەپەوە بەرەو زەرداو هاتین و دامانە ناو عەشیرەتی «کروی» کە خۆم لەو عەشیرەتەم. سەرۆکی عەشیرەت شێخ ساڵح خەلەف هاتە پیرمەوە وتی: «کوڕم سەعدون. ئەمانە کوڕی شێخ جەمالی تاڵەبانین. ئێمە لەم هەرێمە، کورد و عەرەب و تورکمان هەر گیروگرفتێکی عەشایری یان حکوومەتیمان هەبووبێت هانامان بۆ شێخ جەمال دەبرد و ئەو پیاوە دەهاتە هاواری هەموومانەوە. تۆ ڕۆڵەیەکی عەشیرەتی کروی، تکات لێ دەکەم کارێکی وا مەکە مێژووی عەشیرەتەکەمان لەکەدار بکەیت». گوتم: «من سەربازم حکوومەت فەرمانی ئەمەی پێم داوە، ئەی چی بکەم؟» گوتی: «کوڕم، لە نزیکی دێوە چەرداغێک بسووتێنە و بڵێ ماڵی شێخ عەتام سووتاند، کەس گزیرێت ناکات.» گوتی منیش لە نزیکی دێوە چەرداغێکی دالیەوانم سووتان و گەڕامەوە.



پاش چەند مانگێک، دەمەو بەیانێک، تەپوتۆزێکی زۆر، تا دەهات لە زەرداو نزیک دەبووەوە، لەشکرێکی زرێپۆش بەفەرماندەی (عەقید حماد شەهاب) دەوری زەرداوی دا و هەڵمەتی ماڵی شێخ عەتایان دا. ماڵ چۆڵ بوو، من لە بەندیخانە و شێخ عەتایش لە ناو پارتیزاناندا بوو. بانزینیان ڕشتە ماڵەکە و ئاگریان تێبەردا. ئەوانەی کە لە دێ مابوون هەموو وەکو خۆڵی مردوویان بەسەرا بێژرابێت، بێ نق و چق چاویان بڕیبووە ماڵی ئاگر تێبەردراوی ئێمە. ژنان لە ترسی دەسدرێژیی سەربازەکان خۆیان لە کادانەدا شاردبووەوە و بەبێ دەنگ لە سینەی خۆیان دەدا و منداڵان زنووقیان چووبوو و چریکەیان لەخۆ بڕیبوو. ئا لەم ئاگربارانەدا ئەحەی خورشە، لە چەمی زەرداو، لەبەر چریکەی گۆرانیی خۆی ئاگای لەم دەس و یەخەیە نەبوو و بەرەو ماڵ دەهات. زەرداوییان بۆ ئەم خۆش ئاوازە هەموو دڵیان لە مشت گرتبوو. «یاخوا، یا هیمەتی شێخە و ڕەحمانی تاڵەبانی و باپیری قرەچیوار و شێخی کەسنەزان، ئەمانە کوێر و کەڕ بکەن و ئەحە نەبینن و نەبیستن» ئەحەیش هەر بەگۆرانی گوتن سەری لە کەلی چەم دەرهێنا و هەرکە چاوی کەوتە ئەم تەپ و دووکەڵە و سەربازەکان، ماقیان وڕما. لەگەڵ «ارمو»ی ئەفسەران، دەسڕێژێک کرا و ئەحە جارێک بەدەوری خۆیدا خوولایەوە و کەوت و لێوی مۆر و لاشەی سارد بووەوە. دایکی و باوکی «وەی ڕۆڵەی جوانەمەرگم.» بەسەریەکدا کەوتن. ئەم بولبولە خۆش ئاوازە کە لە شەوانی مانگەشەوی هاویندا، لە ناو دەنگی، «هۆ لەیلێ هۆ لەیلێ»ی کچانی نەونەمامدا،» نازدارەی باوەیلی»ی دەگوت، وەکو ئەستێرەی شەوانی پایزدا گەشایەوە و زوو ئاوابوو. هەزاران ئەستێرە دەگەشێنەوە و ئاوا دەبن، مانگەشەو دێت و دەڕوات. کچانی زەرداو لە شین و واوەیلیوە ڕۆژێک دێت بکەونە هۆ لەیلییەکەی جاران و کوڕە ساواکانی ئەحەی خورشە گەورە دەبن و گۆرانییەکانی باوکیان «نازدارەی باوەیلی» بەئاوازێکی بەرزتر دەڵێن.

## ئەستارەکانی ئاسمانی «ئەنفال»

کە منداڵبووین لە شەوانی هاوینی گەرمیاندا چاومان دەبڕییە ئەو ئاسمانە قووڵەی پڕ لە ئەستارەیە. ئەی خودایە ئەم هەموو ئەستارەیە چین؟ تاکو چاو پڕ دەکات هەر دەدەرەوشێنەوە و هەندێکیان دوور و هەندێکیان نزیک، هەندێکیان گەش و هەندێکیان کز. لە ناکامدا ئەستێرەیەک بۆ ماوەیەکی کەم دەگەشێتەوە و ئیتر ماڵئاوایی دەکات و شۆڕ دەبێتەوە و ئاوا دەبێت. داپیرانمان پێیان دەگوتین؛ «ئەوە ئەستێرەی پیاوێکە، کە دەمرێت، ئەستێرەکەیشی ئاوا دەبێت... هەرکەسە لە ئاسماندا ئەستارەیەکی هەیە، ئەوەی مەلا و خوێندەوار بێت، ئەستارەکەی گەشە و ئەوانەش کە نەزانن ئەستارەکەیان کزە.» .

یاسای ژیان وایە، نەوەی کۆن دەڕۆن و نەوەی نوێ دێنە ئەم دونیایەوە. جوون جوون ئەستارەی کۆنیش ئاوا دەبن و هینی نوێ دەدرەوشێنەوە.

کە منداڵ بووین، چاومان دەبڕییە ئەو ئەستێرانە کە بۆ ماوەیەکی کەم دەگەشانەوە و ئاوا دەبوون. ئەی خوایە، دەبێت کێ مردبێت کە ئەستێرەکەی ئاوابوو! ئەمە لەکاتی ئاساییدا بوو کە مرۆڤ لە دوارۆژانی ژیانی وەکو ئێوارەی رۆژێکی خۆش، سەیرێکی قەد و باڵای رۆڵە نەونەمامەکانی دەکرد و ئیتر بۆ یەکجاریی بەدڵنیاییی چاوی دەقوچان و ئەستێرەکەش ئاوا دەبوو. دەبوایێ ئەو ئەستێرە پیرە ئاوا بێت و ئەستێرەی دیی لە ئاسماندا بگەشێتەوە.



نازانم کە زەرداوم بەجێهێشت و بەرەو بەندیخانەی «نقره السلمان»یان بردم ئەستارەکەم چی لێهات؟! ئایا لەگەڵمدا هاتە ئاسمانی بەندیخانەی بیابانی سەلمانەوە؟ یان هەر لە ئاسمانی زەرداو مایەوە. لە زەرداوەوە ئاسمانی هەموو گەرمیانی کوردستانی لێوە دیار بوو. ئەوە «حەوت برا» ئەوە «گەلاوێژ» ئەوە ئەستارەی «سووەیل» و ئەوە «ڕێگای کافرۆش» ئەمانە ئەوەی دەگەیاند کە گەرمیانی کوردستان چەند ئاوەدانە، چەند پڕە، ئەو دەشت و هەردەی گەرمیانە جمەی دێت. دێ لە دێوە دیارە. لە هەموو دۆڵێکەوە هۆهۆی جووتیاران لەگەڵ «الله اکبر»ی مەلا تێکەڵ دەبێت و هەرکەسە لە جێی خۆیەوە «سجده» بۆ ئەو خوایە دەکات کە ژیانی هێمنی و دڵ ئاواتی پێ بەخشیون. ساڵ بەساڵ، یەک بەیەک جووتیارانی پیر کۆچی دوایی دەکەن و ئەستێرەکانیان لە ئاسمان ئاوا دەبن و کوێزەبانە بۆ منداڵانی نوێ دەکرێت و ئەستێرە بچووکەکەیان و ورەنجەیان دێت.

ئەو ڕۆژە خۆشانە ئاوابوون و شەوی «انفال»ی بەدکار سروەی لە دەشت و دۆڵی گەرمیانی کوردستان بری. زەرداو، وەکو هەزاران دێهاتی کوردستان، لەگەڵ زەویدا تەخت کرا. ئەی خوایە ئەو هەموو ئەستێرانەی ئاسمانی گەرمیان چییان لێ هات؟! ئایا ئەوانیش کەوتنە بەر ئەنفال؟ ئایا ئەو هەموو ئەستێرە جوانەیش چوونە ئاسمانی «عرعر»؟ ئەگەر بەهەزاران ژنی پیر و کچانی نەشمیلانە و منداڵی بێ تاوان و ڕۆڵە ئازاکانی گەرمیانییان لەو لە داغەی عرعر زیندەبەچاڵ کرد، ئەی ئەو هەموو ئەستێرانەیان چی لێ هات؟ ئایا بەهەزاران ئەستێرەی کز و گەش و پڕشنگدار، لەگەڵ قرمەی دەسڕێژی گوللە، وەکو ڕەهێڵەی بارانی نیسان شۆڕبوونەوە و ئاوابوون؟ نەء... نەء...، ئەو ئەستێرانە هەر بەئاسمانەوەن ئەمانە بەفەرمانی خوێنڕێژ و زۆرداری سەر زەمین ئاوا نابن، بەڵکوو لە ئاسمانی زەرداودا، وەکو چاوی جنۆکە و دێو، شەونخوونی و ترس دەخەنە دڵی ئەو دڵڕەقانە و لە جیرەی هەر ئەستێرەیەکدا ڕادەچەڵەکێن و لەرز بەلەشیاندا دێت. ئەو ئەستێرانە

چاوەنواڕی ئەو ڕۆژەن کە تەپڵی سوارانەی شێخ عوبیدوڵڵای شەمزینان و شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری و سمکۆ، ڕۆژی مەحشەر هەڵسێنن و وەکو هەورە تریشقە لە هەموو هەردە و دۆڵی کوردستان دەبۆڵێنن و مردووەکانی ئەنفالی عرعر ڕادەپەڕن و هەرکەسە بۆ ئەستێرەی خۆی دەگەڕێت. کوا ئەستێرەی ئازادی حەبیبی حاجی؟ کوا ئەستێرەی ئەحەی ئاوازخۆش؟ ئەگەر ڕۆژی ئەنفال مەحشەر هەڵنەسا، ئێمڕۆ مەحشەر هەڵدەسێت.



**کوردستان**... هەر زەرداو نییە، کوردستان ئەو خاکەیە کە هەزاران ساڵە بەخوێنی باپیرانمان ئاو دراوە، ئەو هەوا خاوێن و فێنکەیە کە دڵی تەنگ دەکاتەوە. ئەو خاکەیە کە (مەولەوی) عاشقی بوو؛

نازک تەدارەک فـــصل بەهارەن
شیرین ئارایش هەردە و کۆسارەن

ئەو هەردە و کۆسارەیە، ئەو ئاسمانە شینەیە کە وەکو کوژەکەی شینی سەرشانی منداڵانە. ئەو تیشکی هەتاوە زێڕینەیە و ئەو قەوسوقەزەحە ڕەنگینەیە لە پاش بارانی بەهار بەهەموو ڕەنگێکی جوان ئاسمان دەڕازێنەوە، ئەو چیا هەزار بەهەزارەیە کە لەشکری هرقل و جنگیز و هۆلاکۆ و تەیموری تێدا وێڵ و سەرنگوم بوو.

شێخ مارفی بەرزنجی شەهید کە بەبێ گوناە بردیانە پای سێدارە گوتی: «دەتوانن ئێمە بخنکێنن، ئەی دەتوانن ئەو چیا بەرزانەی کوردستان لەناوبەرن؟»

کوردستانیان لە کورد قەدەغە کرد و کوردانیان لە بەندیخانەکان «القری العصریة» بەند کرد. وڵاتی بێ ئینسان وەکو دەمی بێ زمان وایە.

کە زەرداو وێران کرا و دانیشتوانی دەربەدەر بووە، سەگانی دێ گەڕانەوە بۆ کەلاوە وێرانکراوەکان. چاویان گێڕا بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام لە سەربازی ڕوو گرژ بەولاوە کەسیان نەدی. ئەمانە کێن؟ لە زمانیان ناگەن سەربازەکان لێیان نزیک بوونەوە، بەڵام بەمرە و دانەریچە کشانەوە دواوە. ویستیان پارچە نانیان بدەنێ، بەڵام کە بۆنیان کرد، کشانە دواوە.

«ئەم نانە نانی دەستی ئایش و وەنەوش نییە. ئەی حەمە کوا و مام عەزیز چی لێ هات؟ نەء... ئەگەر لە برسانا بمرم، کلک بۆ ئێوەی دڵڕەق ناڵەقێنمەوە.»



**ناوی زەرداو...** لە دەفتەری حکوومەتدا مانای زۆرە و دەبێت لەو دەفتەرە بسڕێتەوە. چونکە ئەم زەرداوە شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی نوێژی تێدا کردووە. شێخ جەمال، لێرەوە لەگەڵ حەمە بەگی هاوڕێی گیانی بەگیانیدا هەستی کوردایەتی و ئازادی بڵاوکردووەتەوە. لێرە مەلا سەید عەبدولحەکیمی خانەقینی وتاری نیشتمانپەروەری تێدا گوتووە. مەلا خورشید سیامەنسووری وەعزی ئاینیی و نیشتمانی تێدا داوە. لەم دێیەوە شێخ عەتا گۆڤاری «شێلان» «هیوای ئازاد»ی دەرهێناوە. لە گۆڕستانەکەیدا، مەلا عەزیز ئەوڕەحمان تەلقینی مردووی بەکوردی گوتووە، هەر لێرەوە لاوانی برنۆ بەدەس و ستارخانی پڕ لە فیشەک لە مل چوونە هاواری بارزانییەکانەوە و بنکەکانی حکوومەتیان داوەتە بەر دەسڕێژ. لێرە سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیست حەمید عوسمان لەگەڵ موکەڕەم تاڵەبانی کۆبووەتەوە. جۆرج تەللوی تێکۆشەر بەنهێنی هاتووتە ئێرە و مژدەی نزیکبوونەوەی شۆڕشی ڕووخاندنی ڕژێمی قراڵی کۆنەپەرستی بۆ هێناون. ئەم دێیە لەساڵی **١٩٦٣**دا دەستی داوەتە چەک و سەری بۆ حکوومەتی خوێنڕێژ دانەنواند. ئەم دێیە چۆن تا ئێستا ماوەتەوە دەبوایە زووتر لەگەڵ ئەرزدا بسڕێتەوە دەبێت ناوی کوردی تێدا نەمێنێت و بکرێن بەعەرەبی.

دێهاتی کوردستان یان بەناوی ڕووداوێک یان بەناو ڕووبار و ئاوێک یان درەختێک یان چیایێک ناونراون؛ حکوومەت دەیەوێت ئەم ناوانە لە نەقشەی کوردستانی عێراق بسڕێتەوە. وەکو شارۆچکەی «لەیلان» ناونرا

«ام المعارک» و ناوی «پەنجە عەلی» بە «ابو محجن الثقفي» و قرەتەپە بە «قرطبة»... هتد. دێی پەنجە عەلی بەناوی ئیمام عەلییە نراوە. ابو محجن الثقفی پیاوێکی شەڕابخۆری و هەمیشە سەرخۆش و ڕەوشت خراپ بوو. سەعد بن ابی وەقاس لەبەر بەدڕەوشتیی خستییە بەندیخانەوە. بەڵام لە شەڕی «القادسية» بەفێڵ خۆی لە بەندیخانە دەرهێنا و بەسەرخۆشی چووە کۆڕی شەڕەوە. بۆ چ ئەوە لەگەڵ عەلی کوڕی ابی تالیب هاوتا بکرێت؟

ئەم کردەوانە حکوومەت زۆر پێی ڕەوایە. ئەگەریش بتوانی لە دەفتەر و نەخشە بیسرێتەوە، ناوی ڕووداوەکانی خەباتی نوێی کوردستانی لێ دەنرێت. «بەردە قارەمان»ی کەلی بازیان بەردێک بوو وەکو هەزاران بەردی ئەو هەرێمە. شێخ مەحموودی قارەمان لە شەڕێکی ئازایانە دژی ئینگلیزەکان، بەبرینداری دەسگیر کرا و ئەو بەردە ناوی بەردە قارەمانی وەرگرت. لە کوردستاندا، بەسەدان بەردی قارەمانی دی پەیدا بووە... ئەم بەردە ئازادی قارەمان لە پاڵیدا شەهید کرا. لەم شەقامە نەوزاد و شێرزاد لە سێدارە دران، لەم زیندانە «گوڵاڵە و ڕێزان»ی نەوجوان لە ژێر ئەشکەنجەدا مردن. لەم دۆڵە دوژمن سەرنگوم کرا.

لە کوردستان گەلێک ناوی وا هەبوو: «عاربە سوتاو»، «توبو عەسکەر» و «قولە سوتاو»... هتد ئەمانە مێژووی ڕووداوێک دەگێڕنەوە و هەر لە زۆربوون دایە.



## مەتەڵی منداڵان

شەوان دایکان بۆ منداڵەکانیان مەتەڵی «تیتلە و بیبلە» و «مەڕ و بزن»یان بۆ دەکردن، لەم مەتەڵانەدا گەلێک پەند و تەمێی بەسوودیان تێدایە کە لە جەرگەی ژیانی میللەتەکەمان ڕووی داوە و ڕوو دەدا، بەڵام بەشێوەیەک کە منداڵان لێی بگەن ڕێکخراون.

تیتلە و بیبلە دوو کارۆڵەی بچووک بوون. گورگی دڕندە بەدرۆ و دەلەسە خۆی لێ گۆڕین و خەلەتانیانی و دەرگایماڵیان بۆ کردەوە و خواردیانی، کە دایکیان دێتەوە سەیر دەکا ماڵوێران و ڕەنجەڕۆیە، بەڵام دەستەڵاتی گورگی نییە. دەچێتە لای مەلا و دەردی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام مەلا بەبێ بەرتیل شکاتی ناپرسێت و کارێکی وا ناکات تیتلە و بیبلەی لە گورگ ڕزگار کات، لە ئەنجامدا خۆی بەشاخە نووک تیژەکانی ورگی گورگەلە دەگرێت و تیتلە و بیبلە ڕزگار دەکات.

دایکی ڕۆڵە خوراوەکانی کوردیش، کەس شکاتی بەبێ بەرتیل ناپرسێت. دەڵێت «نەوت»ی کوردستانمان دەوێت بۆ ئەوەی تیتلە و بیبلەتان ڕزگار بکەین. تەنها هەر بەوە ناوەستێتەوە داوای کوردستانیش دەکات. بزنە ڕۆڵە خوراوەکە ئەگەر بەناچاری شیری گوانی بەبەرتیل دایە مەلا، بەگوانی نەدایێ.

کوردستان تەنها نەوتی تێدا نییە، ئێسکی باوباپیرامانیشی تێدا نێژراوە، کەس باوباپیری خۆی نافرۆشێت و نایبەخشێت.

دایکم، کە منداڵ بووم ئەم مەتەڵەی بۆ دەکردم منیش ئەمەم بۆ منداڵانم کردووە و ئەوانیش بۆ منداڵی خۆیانی دەکەن، بۆ ئەوەی گورگ تەفرەیان نەدات و دەرگای کوردستان بۆ کەس نەکەنەوە و هەر بەخۆیان ڕۆڵەکانیان ڕزگار بکەن.

دە ساڵی بەندیخانە، سەرم فێری سەرینێکی پەڕپووبوو و سەرم لەسەری دەحەسایەوە. زۆرجار سەرم لەسەر بەردە ڕەقیش دەنا. زەرداویش وەکو ئەو سەرینە نەرمە تێدا دەحەساوە و هەموو دڵتەنگیم دەڕۆیشت. چونکە نیشتمانی منداڵی و هەرزەکاریم بوو. باپیرم نوێژی تێیدا کردبوو، باوکم ڕەنجی تێدا دابوو، ئەو درەختە بەرزانەی خۆم و عەتا و ئیحسانی برام ڕواندبوومان، دایکم فرمێسکی تێدا ڕشتبوو... لە ژێر خاکەکەیدا شێخ جەمالی باوکم و سمایلی ئەحمەد بارام و برایم میکاییل و ئەحەی خورشەی تێدا نێژراون. سەد دەفتەری نفووس بگۆڕن و سەد ماڵ وێرانکەن و سەدان مەڕوماڵات تاڵانکەن و سەدان ڕۆڵەی لە ژێر لمە داخەکانی عرعر زیندەبەچاڵ بکەن و کێلی گۆڕستانیش وردوخاش بکەن، ئەو خاکە ناگۆڕێت، خورشەی حەمە سەوزە سەد جار سوێندی پێ خواردووە و ئێسکی باوباپیرانی زەرداویی تێدا نێژراون چۆن وازی لێ دێنین چۆن؟!

ژنانی زەرداوی لە «صمود» منداڵیان دەبێت، بەپەلە بێشکیان دەشکێنن بۆ ئەوەی زوو گەورە بن و بکەونە سەر پێ و دەستیان دار بگرێت و زوو سمێڵیان لێ بێت و بکەونە دڵداری و لە تۆی پشتێنەکەیاندا خەنجەری دەبان بشارنەوە و فێری جەنگین بن و خۆیان بۆ ڕۆژی مەحشەر ئامادەکەن، پیاو خراپ بۆ دۆزەخ و پیاو چاکان بگەڕێنەوە بەهەشتی زەرداو.



**گوتیان**... با زەرداوی زەرداو بکێڵن، لەشکر پێویستی بەخۆراکە. دەبێت هەر گەنم و جۆ بڕوێنن، دەبێت تەنها بەحکوومەتی بدەن و نابێ کورد لێی بخوات. نابێت زەرداویی بگەڕێتەوە زەرداو. دەبێت... نابێت، دەبێت نابێت.

گوتمان... زەرداو بەبێ زەرداویی وەکو دەمێکی بێ زوبانە. زەرداو بەبێ سروە ئاوەدان نابێت. دەبێت لە تاریکی و ڕۆشنیی شەفەقدا دەنگی هۆهۆی جووتیاران بێت، دەبێت لەگەڵ گزنگی خۆردا قروەی شوان تێکەڵی بارەی مەڕوماڵات بێت. دەبێت دەیان ئەسپی ڕەسەن لەبەر دەرگاکان سمکۆڵان بکەن و دەیان چاپووک سواری برنۆ بەدەس پارێزگاری بکەن، دەبێت «عەلک سمین» بەڕوزنی ستارخانییەوە «هۆرە» بچڕێت و «حەمەی ئینحە» بەو دەنگە بەسۆزەی «قەتار» بڵێت. دەبێت حوسێنی عەزیز و حەمید زەمە و بەبەزمی گۆرانی سەپانەوە بەداسی دەمەزەرد «سوالو» درەو بکەن. دەبێت حەبەی ڕەنە گوریس بهۆنێتەوە، دەبێت ئەحەی مەنیج و جاسم ساڵح بارام شەنەبا بکەن. دەبێت ئەحە چاووش بەدهۆڵ و زوڕنا لە شاییدا «لۆرکی لۆرکی» و لە شیندا «چەمەرانی» لێدەن، دەبێت کچان لە ڕێی سەراودا بە«حەلگو حەلگو» لەنجەولار بکەن. دەبێت کچانی نەونەمام لە شەوانی مانگەشەودا لەگەڵ ئاوازی ئەحەی خورشە «هۆ لەیلێ هۆ لەیلێ» بڵێن، دەبێت مەلا عەزیز بەکوردی تەلقینی شوکرە شەل و ئازادی حەبیب بخوێنێ. دەبێت شێخ عەتا وتارێکی وا بدات، سمایلی ئەحمەد باران و عەزیزی برایم سەونجی و حەبیبی حاجی لە گۆڕستان ڕاپەڕن و هەڵسنە سەر پێ و لە

سەرانسەری کوردستان تەپڵی سوارانەی شێخ مەحموود و سمکۆ و مەلا مستەفا بارزانی لێ دەدا و ڕۆژی مەحشەری خەبات هەڵسا، ئەوجا زەرداویی دەگەڕێنەوە زەرداو و سرنجێکی کەلاوەکانی دەکەین و چەپکێک گوڵاڵەی سوور دەخەینە سەر گۆڕی شێخ جەمال و خالۆ سمایل و حەمەی ئینجە و ئەحەی خورشە و هەموو دەگەڕێینەوە دەوری لاوی و دووبارە بەو خشتانەی کە باوباپیرانمان دروستیان کردبوو، زەرداوی نوێی پێ دروست دەکەینەوە و هۆهۆی جووتیاران لە زنجیرەی چیاکانی زاگرۆس وەکو نرکەی تۆپ دەنگ دەداتەوە و دەڵێین وا زەرداو ئاوەدان بووەوە.

# پێڕست


پێشەکی ..... 9
زەرداو ..... 13
دیواخان... ..... 17
ڕەشماڵ ..... 19
دیواخان ..... 22
برایمی ئەحمەد میکائیل ..... 23
سمایلی ئەحمەد بارام ..... 23
حەبیبی حاجی ..... 24
خورشەی حەمە سەوزە ..... 25
خالۆ وەلی ..... 26
خدر سمایل ..... 27
تۆفەی نەریمان ..... 27
فارس بەقاڵ ..... 27
حەمەی ئینجە ..... 28
ئەحەی خورشە ..... 30
سالەی باوەخان ..... 31
ئەمینی برایم جازیە، عەزیز برایم سرنجی، برایمی ئەحەی هووک... ..... 32
میم سوەیل ..... 33
زەرداو... ..... 34
کچانی نەشمیلانە... ..... 36
زەرداو... ..... 39
سەربازی... ..... 43
شمشاڵ... ..... 48
لاووک... ..... 50





گوڵ... ..... 52
شێخ جەمالی باوکم... ..... 54
شێخ عەتای برام و برادەرم و هاوڕێم ..... 56
چرای کوردایەتی و بیری پێشکەوتووخوازی ..... 59
عەلک سەمین... ..... 60
دە ساڵی بەندیخانە... ..... 61
حەمید عوسمان... ..... 62
سەعدون غیدان و حماد شەهاب لە زەرداو ..... 63
ئەستارەکانی ئاسمانی «ئەنفال» ..... 65
کوردستان... ..... 68
ناوی زەرداو... ..... 70
مەتەڵی منداڵان ..... 72
گوتیان... ..... 74